# ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون لەکۆمەڵگەی کوردیدا (شاری سلێمانی بەنموونە)

پ.ی.د بەنازحمەرشید حسن
Banaz.Hassan@univsul.edu.iq
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی
زانستەمرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی،
سلێمانی- عێراق

پ.ی.د. تەلار احمد مصطفی
Talar.Mustafa@univsul.edu.iq
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی
زانستەمرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی،
سلێمانی- عێراق

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون لەکۆمەڵگەی کوردیدا- شاری سلێمانی بەنموونە)، توێژەران مەبەستیانە ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبووندا بزانن، هەرلەم سۆنگەیەوە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون لای تاکەکانی کۆمەڵ، بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەرەکانی، دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون بەپێی بەستنەوەی زانیارییە دیموغرافییەکان و بەرکەوتن بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تەوەرە سەرەکییەکانی هاونیشتمانیبوون، بێگومان ئەم توێژینەوەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ گرنگە، چونکە ئەوان بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتیاکانن، وهەروەها وەک توێژینەوەیەکی زانستی گرنگە، چونکە وەک توێژینەوەیەکی زانستی سوودی بۆ لایەنی زانستی دەبێت بۆ ئەوانەی کە مەبەستیانە لەڕووی زانستییەوە توێژینەوەکیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەستبکەوێت، و لەهەمان کاتیشدا زۆر گرنگی بەم پرسەندراوە، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفی و بە ڕێکاری ڕوپێوییە، کۆمەڵ و مشتی توێژینەوەکەش بریتییەلە: هاووڵاتیانی شاری سلێمانی و(٢٠٠) کەس وەرگیراوە، ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆکۆکردنەوەی داتاکان لەسامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، دوای ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی، دەرئەنجامەکانیش بریتیین لە: زۆرترین ماوەی بەکارهێنان (٣-٤) کاژێرە، بەکارهێنانی پلاتفۆرمی فەیسبووک زۆرترینە، بۆ مەبەستی بەئاگابوون لە ڕووداوو زانیارییەکان و کاتبەسەربردنە، ڕەگەزی نێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکاردەهێنن، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز مێ بەهای هاونیشتمانیبوونی بەرزترە، ئەوەش دەرکەوتووە کە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە بەهای هاونیشتمانیبووندا هەیە لەتەوەری بنەمای دیموکراتی و ڕێزگرتن و ئازادی دا، بەتایبەت بۆڕەگەزی مێ، دواتریش دەرئەنجامەکان خراوەتەڕوو، دواتریش پێشنیازو ڕاسپاردەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەها، هاونیشتمانیبوون، شاری سلێمانی

**پێشەکی**

لەسایەی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەئێستادا بوونی هەیە، بەشێکی زۆری ژیانی تاکەکانی داگیرکردووە و گۆڕانکاری بەسەر ژیانی تاکەکاندا هێناوە، بێگومان ڕۆڵی نەرێنی و ئەرێنی لەسەر ژیانی تاکەکان دەبێت، دەکرێت ئەم داهێنانە گەورەیەی ژیانی مرۆڤایەتی، ڕۆڵ لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا ببینێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە دەکرێت هەر ئەوتۆڕەکۆمەڵایەتییانە لەئەنجامی چۆنێتی بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانەوە، تاک بەرەو ئاراستەیەکی نەرێنی بەرێت، وەک تاکێکی بێ ئاگا و بێخەم لەچواردەوریان و بەرامبەر بەخۆیان و نیشتمانەکەیان ئاراستەبکات، بەتایبەتیش بەرامبەر بە بەهاکانی کۆمەڵگەکەیان و ڕەفتارەکانیان، و کردەوەکانیان و هەروەها کاریگەریان لەسەر مانەوەو نەمانی بەهاکان و ڕەفتارەکانی تاکەکانی کۆمەڵدا دەبێت، بەهای هاوونیشتمانیش لەڕێی بنەماکانییەوە وەک: ئینتماو خۆشەویستی و دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ناسنامەو بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی، کەبەیەکێک لەپایەکانی بونیادی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا دادەنرێت، وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر بە نیشتمانەکەی، لەڕووی ئەرکەکان و مافەکانییەوە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش وەک هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر ڕۆڵی لە چەسپاندنی ئەو بنەمایانە هەیە، بەنەرێنی و ئەرێنی، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە میتودنامە پێکدێت، بەشی دووەمیش لە لایەنی تیۆری پێکدێت، بەشی سێیەمیش لایەنی کردەییە، بە دەرخستنی ئەنجامەکان لەشێوەی خشتەداو شرۆڤەکردنی، دواتریش دەرخستنی دەرئەنجامەکان و پێشنیار و ڕاسپاردەکان .

**بەشی یەکەم: ڕێبازنامە**

یەکەم: کێشەی توێژینەوە: بێگومان بوونی کێشە سەرچاوەی دروستبوونی بیرۆکەی هەرتوێژینەوەیەکە، توێژینەوە بێ بوونی کێشە نابێت، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییەلە: ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبون لای هاووڵاتییان، توێژەران دەیانەوێت بزانن کە، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان چ ڕۆڵێکی لەسەر هاووڵاتیان هەیە بۆ هێشتنەوەو نەهێشتنەوەی بەهای هاونیشتمانیبوون، بەپێی جیاوازی هاووڵاتیان کەلە زانیاریەدیموگرافییەکاندا خراوەتەڕوو، هەرلێرەوە توێژەران چەن پرسیارێکی کێشەی توێژینەوەکە دەخەنەڕوو وەک:

١-پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چین؟

٢- ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون لای هاووڵاتیاندا هەیە؟

٣-ئایا بوونی جیاوازی لەنێوان هەریەک لە زانیارییەسەرەتاییەکان بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەیە؟

٤- ئایا بوونی جیاوازی لەنێوان هەریەک لە زانیارییەسەرەتاییەکان بە بنەماکانی هاونیشتمانیبوون هەیە؟

دووەم: بایەخی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی خودی بابەتەکەدایە، کە باس لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەهای هاونیشتمانیبوون دەکات، کەلە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ژیانی تاکەکانی داگیرکردووە، بۆیە لەچەندڕوویەکەوە گرنگە:

-بۆ لایەنی زانستی گرنگە، وەک توێژینەوەیەکی زانستی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەکادیمیان و توێژەران.

-بۆ تاکەکانی کۆمەڵ گرنگە، چونکە دواجار ئەوانن تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و بەرکەوتنیان لەگەڵ بابەتەکانی نێو تۆڕەکاندا دەبێت.

-بۆلایەنی پتەوبوون یان لاوازبوونی ڕۆحی هاونیشتمانیبوون وەک بابەتێکی گرنگی نیشتمان و نەتەوە لەناخی تاکەکانی کۆمەڵدا گرنگە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی پتەوبوون یان لاوازبوون دەبینن، کە ئەم وەڵامە لەکۆتایی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت.

sjh@univsul.edu.iq

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە: بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەستنەوەی بەپرسی بەهای هاونیشتمانیبوون وەک بابەتێکی گرنگ، و گەشتنی توێژەران بە وەڵامی ئەو ئامانجە گرنگەی کە سەرچاوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستیەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ چەند ئامانجێکیتری وەک:

١-زانینی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٢-زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای هاووڵاتیان لەهەمو چین وتوێژەکان وەک لەناو زانیارییەدیموگرافییەکاندا خراوەتەڕوو.

٣-دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایتییەکان بە بەهای هاونیشتمانیبوون لای هاووڵاتیان لەهەمو چین وتوێژەکان وەک لەناو زانیارییەدیموگرافییەکاندا خراوەتەڕوو بەڕێژەی سەدی و لادانی پێوەری و ناوەندەژمێرەیی.

٤-دەرخستنی بوونی جیاوازی لەنێوان هەریەک لە زانیارییە سەرەتاییەکان (نێر، مێ) (ئاستی خوێندەواری) ( تەمەن) بە بەرکەوتن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکا.

٥- دەرخستنی بوونی جیاوازی لەنێوان هەریەک لە زانیارییەسەرەتاییەکان (نێر، مێ) (ئاستی خوێندەواری) ( تەمەن) بە بنەماکانی هاونیشتمانیبوون.

چوارەم: ڕێبازی توێژینەوە: هەنگاوێکی گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەیە، توێژەران دەیگرنەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، ڕێبازی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیە، لەجۆری وەسفی و بەڕێکاری ڕوپێوییە (مسح) ، لەبەرئەوەی گونجاوترین ڕێبازە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

پێنجەم: ئامرازی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە، بەهۆکاری ئەوەی کە، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و وەرگرتنی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە، واپێویست دەکات کە ئەو ئامرازە بەکاربهێنرێت و گونجاوترین ئامرازە، جگە لە زانیارییە دیموگرافییەکان وبەرکەوتن بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پاڵنەرەکان، پێنج تەوەر لەخۆدەگرێت، هەرتەوەرەی لە پێنج بۆ شەش بڕگە لەخۆدەگرێت کە پێنجینەی (لیکەرت) ی تیادا بەکارهاتووە، وەک لە پاشکۆی (١) دا خراوەتەڕوو.

شەشەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە: کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە: هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، بەڵام لەبەر فراوانی و زۆری ڕێژەی بوونی هاووڵاتیان، توێژەران بۆ سامپڵی توێژینەوە (٢٠٠) کەسیان بەڕێگەی هەڕەمەکی سادە وەرگرت.

حەوتەم: سنوری توێژینەوە:

-سنوری کات: بریتییەلە: ماوەی ( ١٠|١٢|٢٠٢٤بۆ ٨|٣|٢٠٢٥) بەرەچاوکردنی ئەوکاتەی کە بۆ کۆنفرانس دیاریکراوە.

-سنوری شوێن: شاری سلێمانی ناو شاری سلێمانی.

-سنوری مرۆیی: بریتییەلە: هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، توێژەران هەوڵیان دا لەهەموو چین و توێژەکان و ئاستی خوێندن بگرێتەوە.

-سنوری بابەتی: پێکدێت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەستنەوەی بە هاونیشتمانیبوون

هەشتەم: ڕاستی توێژینەوە: وەک هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوە، دوای دروستکردنی فۆرمی ڕاپێوی، توێژەران فۆڕمەکەیان ئاراستەی (٥) پسپۆڕێکی بوارەکانی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن کرد بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ودروستی بڕگەکان وەک لە پاشکۆی (٢) دا خراوەتەڕوو، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە هەندێک لەبڕگەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهات، دواتر بەهاوکێشەی ماتماتیکی کاری لەسەرکراو بەڕێژەی ( ٩٨.١٦) دەرچوو کەڕێژەیەکی گونجاوە، هەر لە پاشکۆی (٢ ) دا خراوەتەڕوو، بۆ دەرهێنانی بەهێزی و لاوازی بڕگەکانیش یاسای پێرسۆن بەکارهاتووە دەرکەوتووە هیچ بڕگەیەک لاواز نییە، لەپاشکۆی (٣ ) داخراوەتەڕوو.

نۆیەم جێگیری :لەم توێژینەوەیەدا، بۆئەنجامدانی جێگیری توێژەران هەستان بەدابەشکردنەوەی ڕێژەی لە (١٠%) فۆرمەکان بەسەر هەمان سامپڵدا، دەرکەوت جیاوازی ڕێژەی وەڵامەکان (٩٥%) دەرچووە کەئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، لەپاشکۆی (٤ ) دا خراوەتەڕوو.

دەیەم: چەمکی توێژینەوە:

-ڕۆڵ: مەبەست لێی بینینی ڕۆڵە ئەو ئەرکیە کە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەیبینن بەئەرێنی یاخود نەرێنی بۆ هاونیشتمانیبوون.

-تۆرەکۆمەڵایەتییەکان: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پلاتفۆرمەکانی ناو تۆرەکۆمەڵایەتییەکانە، وەک (فەیسبوک، ئینستگرام، سناپچات، یوتیوب، تیکتۆک، هەر جۆرێکیتر خۆیان ئاماژەی پێیدەن).

-بەهای هاونیشتمانیبوون: مەبەست لە ئەرک و مافەکانی هاوولاتییە بەرامبەر بە نیشتمان کە لە هەڵسوکەوتەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە لەڕێی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان.

- سلێمانی: یەکێکە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵات

یازدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

١-توێژینەوەی الدیجاني (٢٠٢٢): ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية قيم المواطنة و الانتماء لدى الشباب الكويتي) کەلەلایەن د.ثامر عزيز الديجاني نوسراوە، لەئامانجەکانی: زانینی ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەشەپێدانی بەهای هاوولاتیبوونە لای گەنجان، لەڕێی دیاریکردنی بەکارهێنانی تۆرەکان لەلایەن گەنجانەوە، وە دیاریکردنی کاریگەری تۆرەکان لەسەر بەهای هاوولاتیبوون، توێژینەوەیەکی وەسفییە و بەئامرازی فۆرمی ڕاپرسی داتاکان کۆکراوەتەوە، کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە بریتییەلە: گەنجانی کوەیت (٣٠٠) کەس وەرگیراوە، دەرئەنجامەکانیش بریتیین لە: هۆکارەکانی بەکارهێنانی تۆرەکان ئاوێتەبوونە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاوبەشیان لەوشتانەدا هەیە جێی بایەخیانە، بەئاگابوون لەهەواڵەکان و دۆزینەوەی هاوڕێی بیانی، تۆرەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بینیوەلە پاراستنی ناسنامە بەپاراستنی کەلتوری کۆمەڵ، کەدەبەستریتەوەبە خۆشەویستی نیشتمان و خزمەتکردنی نیشتمان و شانازیکردن بە سمبولەکان و سەرکردەکانی و مێژوویی و شارستانییەتی، تۆرەکان کاریگەریان هەیە بۆ قوربانیدان وەلا بۆ نیشتمان.

٢- توێژینەوەی محمد و نصرالدين، (٢٠٢١ ) : ئەم توێژینەوەیە بەناوی (ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لە هەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەلای هاوولاتیانی شاری سلێمانی، لەلایەن توێژەران کاروان عبدالله محمد و هەرمن شێرکۆ نصرالدين، نوسراوە، لەئامانجەکانی: دەرخستنی ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان ومیدیایەکی هەمەچەشن لەهەستکردن بە بەرقەراری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لای هاوولاتیانی شاری سلێمانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هاوولاتیانی شاری سلێمانییە ( ٣٧٥) کەسن، میتودی وەسفی و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، لەدەرئەنجامەکانی : زۆرترین بەکاربەر فەیسبوک بەکاردێنن، هەستکردن بە ناسەقامگیری بەرزە، هەستکردن بەهەڕەشە زۆرە، هۆکارەکانی هەستکردن بە ناسەقامگیری هەواڵی ترس و کوشتن و دزی و ڕفاندن .

٣- توێژینەوەی منصر (٢٠١٨): ئەم توێژینەوەیە بەناوی (دور مواقع الشبكات الاجتماعية في تعزيز قيم المواطنة لدى الشباب الجزائري) لەلایەن خالد منصر نوسراوە، لە ئامانجەکانی: زانینی بەشداریکردنی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لە هێنانەدی بنەماکانی بەهای هاوولاتیبوون، میتودی وەسفی ڕێکاری ڕوپێوی بەکارهاتووە، کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە (٣٠٠) کەس لەگەنجانی جەزائیر وەرگیراوە، لەدەرئەنجامەکانی: فەیسبووک زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لەگرنگترین پاڵنەرەکان، ئاسانی گەڕانە بۆزانیاری، پەیوەندی نییە لەنێوان زانیاری سەرەتایی و ڕۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەچەسپاندنی بەهای هاوولاتیبوون، پەیوەندی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و بەهای هاوولاتیبوون لەڕووی بەشداری کۆمەڵایەتی، دیموکراتی، وەلای نیشتمانی.

دوازدەیەم: گفتوگۆی ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو: لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشودا کەهەمویان لەسەر تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و هاوولاتیبوون و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، هەموویان میتودی وەسفیان تێدا بەکارهاتووە، و کۆمەڵ و سامپڵیان

گەنجان و هاوولاتیانە، واتە نزیکن لەیەکەوە، ئەمەش لایەنێکی ئەرێنییە بۆ ئەم توێژینەوەیە سود لەپلان و ئامرازەکانیان وەربگرێت، دەرئەنجامەکانیشیان لەیەکەوە نزیکن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە چەسپاندنی بەهای هاوولاتیبوون، پاراستنی ناسنامە لەتوێژینەوە عەرەبییەکاندا، بەڵام لەتوێژینەوەی محمد و نصرالدین دا، بەپێچەوانەوە هەستکردن بە ناسەقامگیری بەرزە، هەستکردن بەهەڕەشە زۆرە، هۆکارەکانی هەستکردن بە ناسەقامگیری هەواڵی ترس و کوشتن و دزی و ڕفاندنە، لەم توێژینەوەیەشدا تۆڕەکۆمەلایەتییەکان ڕۆڵی هەیە لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوونە.

**بەشی دووەم: تیۆرینامە: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هاوولاتیبوون**

**یەکەم: پێناسەو چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەوەپێناسەی کردووە کە: ئەوپێگەوجێبەجێکردنانەیە کە ڕێگە بە بەکارهێنەردەدات ناوەڕۆک دروستبکەن و لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی بکەن، یان بەشداری لەگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بکەن (عبدالفتاح،٢٠٢٢ :١٩) .

"خزمەتگوزارییەکی ئەلکترۆنیە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات دۆسییەی تایبەتیان هەبێت پەیوەندی بە یەکترەوەبکەن و ڕاکانیان دەرببڕن" (إسماعیل، ٢٠٢١: ١١٠) یاخود بریتییە لە، " ئەو سەکۆیانەن کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێتن ڕێ بە بەکارهێنەرانی دەدات، پەیامەکان بە هاوڕێکانیان بگەێنن لەهەرکوێبن، دەق و وێنەو دۆسیەی تایبەتیان بۆ دابیندەکات بەنمایشکردنی وێنەو دەق و گفتوگۆی نێوان بەکارهێنەران(التمیمي،٢٠١٧: ٧٩).

لەکۆی ئەوپێناسانەی سەرەوە پێناسەی توێژەران بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەتوانین بڵێین بریتیەلە، بەکارهێنانی سەکۆکان بۆبەدەستهێنانی هەربابەتێک و زانیارییەک و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ هەرکەسێک، دوور بێت یان نزیک، بەبونی هێڵی ئینتەرنێت.

**دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆمێژوو، باس لەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کراوە بەڵام بەشێوازێکیتر، (جون بارنز) لەساڵی ١٩٥٤ ئەم چەمکەی بۆ کۆبونەوە لە شوێنی نامە ناردنی جیهانی بەکارهێناوە، بەشێوازە کلاسیکیەکەی بۆ بەستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان بەکارهاتووە بەبەکارهێنانی نامەی نوسراو، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت دەرگای بەڕووی بەیەکگەیاندنی مرۆڤایەتیدا کردەوە و لەلایەن (مارک زوکەربێرگ) ساڵی ٢٠٠٤ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دامەزرێنرا، کەسەرەتا لەناو زانکۆی (هارڤاردی ئەمەریک) یدا لەنێوان خوێندکاران خۆیاندا بەکارهات و دواتر فراوانکرا (صبطي، ٢٠١٨: ٥٥) ، خزمەتگوزارییەکە بۆ گەیاندنی نێوان ئەوانەی کە چالاکی و گرنگی هاوبەشیان هەیە، چەمکێکە بەکۆمەڵێک لە پێگەکان دەوترێت کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێتن، لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب دەرکەوتووە لەژینگەی کۆمەڵێکی گریمانەییدا تاکەکان بەیەک دەگەن لەڕێی ناردنی پەیام و سەردانیکردنی هەژماری کەسی و زانینی هەواڵ وزانیاری (عثمان، ٢٠٢٢: ٢٢).

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکۆمەڵاتییەکان:**

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە بریتین لە: (التمیمي، ٢٠١٧: ٨٦)

١-ئاوێتەبوون و بەشداریکردن: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەوەدەناسرێن کە ئاڵ وگۆڕی ڕاوبۆچون و فکر و زانیاری نێوان بەکارهێنەران و نوسین لەسەرهەواڵی هەیە، ئەمەجگە لە بەشداریکردنی چالاکی و خولیاکان وەکو هونەرو وەرزش و هتد.... .

٢-ئامادەگی بەردەوامی بێ تێچون: بوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆبەکارهێنەرانی دەتوانرێت نامە بەجێبهێڵرێت و هەرکات بێت وەڵم بدرێتەوە.

٣-کرانەوە: تۆڕی کۆمەڵایەتی خزمەتێکی کراوەیە بۆ بەشداریکردن،

٤-گفتوگۆکردن: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەوە دەناسرێن کە ئاڵوگۆڕی بیرورِا لەسەر بابەتی هاوبەش کە چەند بایەخ و گرنگیپێدانیانە لەنێوان تاکەکاندا ئەنجامدەدرێت.

٥-پێکەوەگرێدراو: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئامرازی کۆمەڵایەتی پێکەوەگرێدراون کەبەکارهێنەران لەناوخۆیانداو بە هیتروە دەبەستێتەوە، هەواڵێک جێی بایەخە دووبارە لە پەڕەی تایبەتی بڵاوبکرێتەوە.

٦-کۆبونەوە: تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕێ بۆ بەکارهێنەرانی خۆشدەکات کە بەئاسانی و خێرایی کۆببنەوە، کە هاوبەشیان لە گرنگیپێدانییەکانیاندا هەیە، وەک: بابەتی سیاسی، حەزکردن بە وێنەگرتن، یان هەربابەتێکیتر.

**چوارەم: لایەنە نەرێنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** (عبدالفتاح،٢٠٢٢: ٢٨)

-ئالودەبوون لەسەر بەکارهێنانی و بەهەدەردانی کاتێکی زۆر.

-چونە ناو تایبەتمەندییەوە بەبڵاوکردنەوەی وێنەوزانیاری.

-ئەگەری بوونی بێزارکردن بەهۆی نەبوونی چاودێری لەبەکارهێنانیدا.

-نامۆبوونی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەر، لەناو کۆمەڵی گریمانەییدا دواکەوتویی جێی پێشکەوتنی گرتوتەوە.

-نامۆبوونی ڕۆشنبیری لای تاک کە جیهانگیری ڕۆشنبیری و سەرمایەداری لەرێی ئینتەرنێتەوە دەیهێنێتەدی.

**پێنجەم: پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان** (إسماعيل، ٢٠٢١ :١١٥).

١-کراوەن بۆ یاخیبون و شۆڕش، سەرەتا یاخیبون لە شەرم ودواتریش لە شۆڕش و سیستمی سیاسی، بۆیە وەک حەتمی سەیردەکرێت لە حەتمی تەکنیکی بۆ کۆمەڵایەتی و دواتر بۆ زانیاری.

٢-بۆ جاڕدان و بانگەواز بۆ کڕین و فرۆشتن بەکاردێت لەنێوان تاکەکاندا.

٣-بۆ پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان لەشوێنی دوور لەیەکتربۆ خوێندن و چارەسەری نەخۆشی و گەشتکردنو هتد...

٤-بۆ کاتی بونی کێشەی خێزانی کاتێک کە تاک کێشەی دەبێت پەنادەبات بۆ کۆمەڵگەی گریمانەییەکەی وەک جێگرەوە لە ئینتەرنێت،

٥-بۆ پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ .

٦-بۆ کاتی بونی بێکاری تاک لەئەنجامی بونی بێکاریدا تاک ڕوودەکاتە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

٧-بۆگەڕان بەدوای کاردا.

٨-وەک مینبەری گفتوگۆ بۆ ڕاگۆڕینەوە بەکاردێت.

**شەشەم: تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری ( Cultivation Theory):**

ئەم تیۆرییە (جۆرج جیربنر) دایناوە، پێی وایە کە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن فرە پەیام ئاراستەی جەماوەر دەکات کە کاردەکاتە سەر بینینیان و تێگەیشتنیان بۆ ڕوداوەکان و دۆزەکان وکەسەکان لەجیهانی چواردەوریاندا، ئەم ئامرازانە بەشدارن لە چاندنی وێنەی زەینی، لەسەرئەم بنەمایەش ڕاگەیاندن دارشتنێکی نوێ یان ڕاستی کۆمەڵایەتی پێشکەش بەجەماوەردەکات، بەمانایەکیتر جەماوەر پێی وایە ئەوجیهانەی لەڕاگەیاندنەوە دەیبینێت وێنەی ڕاسەقینەیە لەجیهانی ڕاستییەکەیدا. بۆیە ڕاگەیاندن دەتوانێت جۆرێکی دیاریکراو لە ڕۆشنبیری بسەپێنێت لەئەنجامی بەرکەوتنی زۆرەوە و بەمەش گۆڕانکاری لە هۆشیاری و هەڵوێست و ڕەفتاردا ڕوودەدات (البشر، ٢٠١٤: ١١٩)

ئەم تیۆرییە لەسەربنەمای بەهێزی و کاریگەری کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەروەرگر و ڕادەی کەڵەکەبوون و بەرکەوتنی وەرگر بە بینینی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سەریهەڵداوە، دواتریش دروستبوونی قایلبوون پێی لەڕێی چاندنی بەهای نوێ لەڕێی ناوەڕۆکەکانەوە. مەبەستی بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە، زۆری بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و بەرکەوتنی زۆر

بەپەیامەکان کاردەکاتە سەر بەکارهێنەر، لێرەوە رێ خۆشدەبێت بۆ سەپاندنی هەندێک بیرو هزری رۆشنبیری نوێ، کەلەئامانجەکاندا ئاماژەی پێدراوە، بەکارهێنان و بەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەماکانی هاونیشتمانیبوون، پێناسەی چاندن بریتییەلە: چاندن و گەشەی زانین ودەروون لەرێی بەرکەوتن بە ئامرازەکانی راگەیاندن، چەمکی چاندن، لەساڵانی شەستەکانەوەبە بەستراوەتەوە بە تیۆری شرۆڤەی کاریگەری کۆمەڵایەتی و زانینی راگەیاندن، بەستنەوەیەکی بەهێز هەیە لە نێوان رادەی بینین و باوەڕ دەربارەی باری کۆمەڵایەتی، (عبدالمنعم، ٢٠١٥: ١١٦).

**حەوتەم: چەمکی هاونیشتمانیبوون و ئەوانەی پەیوەندیدارن پێوەی:**

چەمکی هاونیشتمانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی یۆنانی کۆن زاراوەیPolis مانای شار دێت، بەوپێیەی بەشدارلە کاروباری شاردا، لەبەرامبەر وشەی Citoyenneteی فەرەنسییە، کە لەوشەی Cite وەرگیراوە، لەزمانی ئینگلیزیشدا بە Citizenshipدێت کەلە وشەی City وەرگیراوە،(صبطي،٢٠١٨، ١٣٨)، هاونیشتمانیبوون چەمکێکی گشتگیرە و لە دوای جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەرچوو کە لە ناوەرۆکیدا جەختی لە پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادوەری و لە ماف و ئەرکەکانی نێوان گشت هاوڵاتیان دەکردەوە ، ئەمە پێوەرێک بوو بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە بنەمای ئازادی و دادوەری و ئاشتیی دادەنرا، هەربۆیە هەوڵ و تێکۆشانی زۆری رۆژنامەنوسان و نوسینەکانیان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە یەکگرتنی کۆمەڵگەو یەکبوونیدا دەربارەی ئامانجە باڵاکانیان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هاونیشتیمانیبوون بە رەگەزێکی گرنگی سەقامگیری کۆمەڵگە یەکگرتنی رۆڵەکانی هەژماردەکرێت و پرۆسەی سەقامگیری بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانی دادەنرێت لە میانەی چاندنی ئینتما بۆ نیشتمانەکەی (عبيس،٢٠١٧ :٣-٤).

چەمکی هاونیشتمانیبوون لە هەموو بارودۆخەکاندا بە چەمکێکی ناڕوون دادەنرێت، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەرییان لەسەری هەیە وەکو فاکتەری کات و شوێن و بارودۆخی سیاسیش لەلایەکی ترەوە، هەربۆیە ناجێگیری ئەم چەمکە بۆ چەندین لایەن و مەبەست دەگەڕێتەوە ئەوانیش لایەنی یاسایی کە پەیوەندی بە دەقە یاساییەکانەوە هەیە لایەنی کەلتوری کە پەیوەندی بە داب و نەریتەکانەوە هەیە ئەویتریان لایەنی رەفتارییە کە پەیوەستە بە بەهاکانەوە هەندێکی تر پێیوایە لەمیانەی ئاستی وەلاء بۆ سیستەمی سیاسی یان رێبازێک یان تایەفەگەرییەوە دەبێت، هەر بۆیە لێرەدا بەشێک لەو لێڵی و ئاڵۆزییەی ئەم چەمکەو ناجێگیرییەکەی ئەوەیە کە بە چەند چەمکێکی ترەوە بەستراوەتەوە وەکو وەلاء و ئینتما و شوناسی زمان یان ئاین یان رێبازێک ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چەمکی هاونیشتیمانیبوون بە ژمارەیەک رەگەز یان خەسڵەت کە لە تەشریعات و دەستور یاساکاندا هاتووە لەسەری رێککەوتون (خليفة المرسومي،٢٠١٥ :١٥) .

لەڕووی مەعرفییەوە هاونیشتیمانیبوون بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەوە، دەوڵەتیش رۆڵێکی دەرکەوتووی لە دیاریکردنی رەگەزو بنەماکانیدا هەیە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاونیشتیمانیبوون بەرهەمی کارلێکی چەندین رەگەزە لە چوارچێوەیەکی جوگرافی و پێکهێنانی نیشتمانێکی سەقامگیر بۆ کۆمەڵێک لە مرۆڤ کە کەلتورو کەلەپوری هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە کە بەرهەمی ئەو کارلێکیە کە لەنێوانیاندایە لەلایەک و لەگەڵ ژینگەی چواردەوریش لە لایەکی ترەوە، واتە هاونیشتیمانیبوون وادەکات تاک ئازادی رادەربڕینی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت گیانی نەتەوەیی و نەتەوەیەکی رەسەنی هەبێت کە تاک شوێنی لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات(مريم، ٢٠١٧: ١٦) . هەربۆیە هاونیشتیمانیبوون پێداویستییەکی نیشتیمانییە کە هەستکردنی تاک بە ئینتماو شوناس گەشەپێدەدات و، هەروەها پێداویستییەکی کلتوریشە کە زانیاری وتواناکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ناسینی ئەرک و مافەکان گەشەپێدەدات، سەرباری ئەوەی پێداویستییەکی نێودەوڵەتیە بۆ سەرژمێریکردنی هاوڵاتیان بەگوێرەی بارودۆخەکان و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان.لەبەرئەوە هاونیشتیمانیبوون و شوناس لە دووڕووی یەک دراودا خۆیان دەنوێنن، بۆیە دەستنیشانکردنی شوناس لای هاونیشتمانیان لەدەرئەنجامدا ئاستی بەهای هاونیشتیمانیبوون بەرزدەکاتەوە، لەبەرئەوەی

شوناس کۆمەڵێک خەسڵەتی کەلتورییە کە کۆمەڵێک لە خەڵکی پێدەناسرێتەوە لە ماوەیەکی دیاریکراوداو، هەستی ئینتماو پەیوەستبوون بە گەلێکی دیاریکراوی بۆ دروستدەبێت ، کە هەست و فەخروشانازی ئەو گەلە دەردەبڕێت (کنسارة، ٢٠٢٣ :٣٥٥).

هاونیشتیمانیبوون بریتییە لەو شوێنە یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان کەسی ئاسایی و کۆمەڵگەی سیاسییە(دەوڵەت) لەمیانەی ئەو پەیوەندییەوە لایەنی یەکەم وەلاء بۆ نیشتمان دەگرێتە ئەستۆو لایەنی دووەمیش پاراستن، ئەم پەیوەندییە لە نێوان کەس و دەوڵەتدا بە یەکسانی دەبێت لەبەردەم یاسادا (المجلس الوطني للحقوق الانسان بالمغرب ، ٢٠١٤ :١٤)

**هەشتەم: چەمکی مافی مرۆڤ:**

مافی مرۆڤ هەموو ئەو خەسڵەت و توانا ڕەسەن و پێویستانەیە بۆ مرۆڤ کە بەسوودە بۆ ژیان و کەرامەتی، مادەم پێویستە بۆ مرۆڤ سەربەخۆبوونی لە داواکارییەکانیدا هەیە و لەناو ڕێکخستنە یاساییەکانی دەوڵەتدا ڕەچاو دەکرێت، ئەگەر دانپیادانانی دەوڵەت وەربگرێت ئەوا مافی مرۆڤ کۆمەڵێک مافی تاک و گروپە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانپیادانراوەو لە دەستوورو یاسای نێودەوڵەتیدا پارێزراوە. ئەم مافە گشتگیرەو کورت نەکراوەتەوە لەسە چین و توێژێکی دیاریکراو و تاکە شوێنێک لە جیهان و کاتێکی دیاریکراو ، بەڵکو ماف پێویستە بۆ مرۆڤ ، هیچ کەس بۆی نییە مافی کەس زەوتکات بۆئەوەی هەموو خەڵکی بە ڕێز و کەرامەتی تەواوەوە بژی و مافی ئەوەیان هەبێت بە ئازادی و ئاسایش و ئاستی بژێوییەکی باشیان هەبێت (السعیدی، ٢٠١٩: ١٤).

چەمکی وەلاء : بریتییە لەو ئاراستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە لایەنی ویژدانی و ڕەفتاری هەیە پاڵدەنێت بە تاکەوە بۆ هەستانی بە ڕەفتارێکی دیاریکراو ڕووەو بەرژەوەندییەک کە پەیوەندی بە ئینتما بە گرۆپێکەوە هەیە ، سەرباری لایەنی زانیاری کە خۆی لە درکپێکردنی تاک لە چەمک و بەهاکاندا دەنوێنێت کە ئەویش هەستکردنە بە وەلاء (المشعان، ٢٠١٦ :٤٦٥) .

**نۆیەم: چەمکی ئینتما**: چەمکی ئینتما بنەمایەکی مەعنەوی هاونیشتیمانیبوونەو، لە ڕەهەندە گرنگەکانێتی و ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا کارلێک دەکات، مەبەست لێی ئینتمای بیروباوەڕو ئینتمای ڕەگەزی و نەژادی نییە بەڵکو ئینتمایە بۆ نیشتمان، هەربۆیە پەیوەستە بە هاونیشتیمانیبوونەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە ، هەتاکو ئاستی ئینتما زیاد بکات ئاستی هاونیشتیمانیبوونیش زیاد دەکات بە پێچەوانەشەوە هەتاکو ئاستی هاونیشتیمانیبوون زیاد بکات ئینتما بۆ نیشتیمان زیاد دەکات (jslem.journals.ekb.eg ) هەربۆیە ئینتما بارگەیەکی عەقڵی و ویژدانی شاراوەیە لە ناوەوەی تاکدا لەو هەڵوێستانەی کە پەیوەندی بە نیشتمانەوە هەیە لەسەر ئاست و بوارە جیاوازەکان، کە دەتوانرێت لە میانەی کۆمەڵێک دیاردەی ڕەفتارییەوە کە لە تاکەوە دەردەچێت هەستی پێبکرێت، ئەو دیاردەیەش جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵوێستی تاک و تێڕوانینی بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کە بەشێوەی ئەرێنی و یان بە شێوەی نەرێنی ڕووبەڕووی دەبێتەوە (حمایل، ٢٠١١: ٧) .

**دەیەم: مەرجەکانی هاونیشتیمانیبوون:**

بۆ دەستەبەرکردنی هاونیشتمانیبوون لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوە بەدەستبێت کە ئەمانەن :

١-بوونی پەیوەندییەکی یاسایی لەنێوان تاک (هاونیشتمانی) و دەوڵەت.

٢-بەشداریکردنی تاکەکانی یەک نیشتمان لەئەرک ومافەکاندا.

٣-بوونی ماف و ئەرکەکانی نیوان تاک و دەوڵەت.

٤-نیشتمان سەرچاوەی ماف و ئەرکەکانە جگە لەئەو هیچ شتێکی تر نییە.

٥-یەکسانی لەنێوان هەموو تاکەکان(هاونیشتمانیان) لەسەر ڕێسایەکی هاوبەش لە نیشتمان.

٦-ملکەچبوونی تاک(هاونیشتمانیان) بۆ سیستمەکانی کۆمەلگەو پابەندبوونیان پێوەی (العايدي، ٢٠١٣: ٤٥)

**یازدەیەم: بنەماکانی هاونیشتمانیبوون:**

ا-هۆشیاری شارستانی (الوعي المدني) : بریتییە لە هۆشیاربوون بە مافەکانی هاونیشتمانیان و ئەرکەکانیان، هۆشیاری وەرگیراوەو پرۆسەیەکی جۆری و بەردەوامە ناوەستێت ، ئەو هۆشیارییە سەرچاوەی کۆی هەموو مومارەسەو چالاکییانەیە کە هاونیشتمانیان پێیهەڵدەستن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی لەسەروو بەرژەوەندی تایبەتییەوە، ئەو مومارەسەو چالاکیانە خودی هاوڵاتییان پابەند دەکات بە یاساو بنەما هاوبەشەکانی ژیانەوە (ایمان،٢٠٢٠: ٧٦-٧٧)

ب-بەشداریکردن: بریتییە لە: بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو دەوڵەتیکدا، هەڵبژاردنەکان گرنگترین وێنەی ئە بەشداریکردنەیە،هەربۆیە بیری سیاسی رۆژئاوایی بەشداریکردنی بەوە پێناسە کردووە (ئەو پرۆسەیەیە کە جیاوازی لە نێوان هاونیشتمانیان و شوێنکەوتەدا دەکات، شوێنکەوتەش ملکەچەو حوکم ناکات، بەڵام هاونیشتیمانیبوون بەشداری لە حوکمی دەوڵەتدا دەکات لەرێگەی چالاکی سیاسی و ئەنجومەنی هەڵبژێراو بۆ دەستنیشانکردنی رەوابوونی سیاسی (عبیس، ٢٠١٧: ٣٥)

ج-یەکسانی لەنێوان هەموو هاوڵاتیان کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان هاوڵاتیبوون ، پرەنسیپی هاونیشتیمانیبوون لە لایەنی سیاسییەوە جەختدەکاتەوە لەسەرمافی بەشداری سیاسی کارا بۆ گەیشتن بە یەکسانی سیاسی لەنێوان هەموو هاونیشتمانیان ورێپێدراوی یاسایی و دەستوری ، لەرووی یاساییەوە ئەم پرەنسیپە دیاریکراوە بۆ هەر یەکێک کە هەڵگری رەگەزنامەی ئەو دەوڵەتە بێت بەبێ جیاوازی نەژادی و ئاینی و زمان، هەربۆیە مومارەسەکردنی مافی هاونیشتیمانیبوون پلەبەندکراوە لە یەکسانی یاساییەوە بۆ یەکسانی ڕاستەقینە، هەرکاتێک هاونیشتمانی خاوەنی سەرچاوەی سیاسی واقعی بوو ئەوا دەتوانێت سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ووردە ووردە بۆ هەر هاونیشتمانییەک ئازادی ڕادەربرین و ڕێکخستنی هەبێت (عجیل، ٢٠١٦: ١١٧)

د-هەستکردن بە ئینتما (سەربەبون): واتە ئەو پەیوەندییە هاوسۆزییەی کە تاک بە گروپەکەیەوە دەبەستێتەوە و جەخت لەسەر مافی هەموو خەڵک دەکاتەوە (ابوبکر، بدون سنة:١١).

**دوازدەیەم: رۆڵە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون :**

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازی سەرەکین لە بونیادنانی بیرۆکە لای تاکەکان و زیادکردنی هۆشیاریان بەرامبەر بە منزومەی نیشتمان و نێودەوڵەتی لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەم تۆرانە تەنها جیهانی ناواقعی نین بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو ئەم تۆرانە پەیوەست و ئاڵۆزن بەیەکترەوە و تاکەکان توانای ئەوەیان هەیە ئەو جیاوازییە لە کارلێکە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکاندا دروستبکەن و واقیعەکە بگۆڕن و کاریگەرییان لەسەر بابەتەکان هەبێت، ئەم ناوەندانە بنەمای سەرەکین لە بونیادنان و بەهێزکردنی بەهای هاونیشتیمانیبوون، لە قۆناغی گواستنەوەدا شۆڕشی تەکنەلۆجیاو زانیارییەکان چوارچێوەی بونیادی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییە کلاسیکیەکانی تێپەڕاند کە ناکرێت کاریگەرییەکەی لەسەر هەموو ئاستەکان فەرامۆش بکرێت، یان ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی لە کارلێکە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان بە ڕەهەندە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی کە هەیبووە دووربکەوینەوە. پێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە تەنها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە ناکەن، بەڵکو مامەڵەوکارلێکردنی چڕوپڕو قوڵیان لەگەڵ هەموو بابەتەکاندا هەیە و کە ڕێگە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەدەن بە پێشکەشکردنی بیروبۆچوون و بیرۆکەو پێشنیاریان دەربارەی کێشەکان و بابەتەکان (قلواز ومحمد ،٢٠١٨ :٢٠٩). ئەمەش بابەتی گەیشتنە بە مافی تەواو وشایستەکانی هاونیشتمانیبوون کە کارتێکەرێکی ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی هاونیشتیمانیبوونە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، چونکە بێبەشبوونی هاونیشتمانیان لەمافەکانیان بە کەموکورتی لە پرۆسەی پەیرەوکردنی چەمکی هاونیشتیمانیبوون هەژماردەکرێت، بۆ ئەمەش دەوڵەت ملکەچی ڕێساکانی ماف دەبێت، لەبەرئەوەی دەوڵەت دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە دامەزراوەیەکی ماف و دەوڵەتیش دەبێتە دەوڵەتێکی نیستمانی بۆ مافەکان و تاکیش ئەندامێکە تەواوی مافەکانی لە کۆمەڵگەدا هەیە، هەتاکو وەلاو ئینتمای هەمیشەی هەبێت دەوڵەت زیاتر پابەند

دەبێت بە مافەکانییەوە (عبیس، ۲۰۱۷: ۲۹)، هەربۆیە فەیلەسوف و بیرمەندان هەوڵیانداوە زیاتر بچنە ناو بابەتی هاونیشتیمانیبوون و یەکبوونی نیشتمانەوە ئەوانەی کە بایەخیانپێدابوو زانای فەرەنسی (مونتسکیو) بوو، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بابەتی هاونیشتیمانیبوون و چەمکی نیشتمانی لە کتێبی (گیانی یاساکاندا) کردبوو، ناوینابوو خۆشەویستی نیشتمان ویەکسانی بە چاکسازی سیاسی (مصطفی، jslem.journals.ekb.eg. لێرەوە دەگەین بەوەی کە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەچەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون، چونکە هەر هاوونیشتمانییەک لەووڵاتی خۆیدا تەواوی مافەکانی هەبوو لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی و بوونی دادپەروەری، وەلاو ئینتمای بۆ نیشتمانەکەی زیاتر دەبێت و چاکسازی سیاسیش ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە دەرخستنی بوونی گەندەڵی و نادادپەروەری و گەندەڵی، لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆڵی دەبێت لە خۆشەویستی بۆ نیشتمانو دواتریش هەستکردنی هاونیشتمانی بە شارو نیشتمانەکەیەوە و تاک.

**بەشی سێیەم: بەشی کردەیی:**

**یەکەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

١-زانیاری گشتی سامپڵی توێژینەوە:

خشتەی(١)

زانیاری گشتی نموونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دووبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 100 | 50 | 200 |
| | مێ | 100 | 50 | |
| تەمەن | 16 – 25 | 58 | 29 | 200 |
| | 26 – 35 | 38 | 19 | |
| | 36 – 45 | 59 | 29.5 | |
| | 46زیاتر | 45 | 22 | |
| باری خێزانی | سەڵت | 82 | 41 | 200 |
| | خێزاندار | 88 | 44 | |
| | جیابوەوە | 15 | 7.5 | |
| | تاک مردوو | 15 | 7.5 | |
| ئاستەکانی خوێندن | بنەڕەتی | 33 | 16.5 | 200 |
| | ئامادەیی | 40 | 20 | |
| | دبلۆم | 35 | 17.5 | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 28.5 | |
| | باڵا | 35 | 17.5 | |

بەپێی ئەنجامی وەڵامەکانی توێژینەوەکە، دەرکەوتووە ڕەگەزی (نێر، مێ) یەکسانن، و بۆ تەمەنیش (١٦-٢٥) و (٣٦-٤٥)ئەنجامەکان زۆرنزیکن لەیەکەوەو جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، سەبارەت بەتەمەنی (١٦-٢٥) تەمەنێکی زۆر هەستیارە بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەبەکارهێنانیان و بەستنەوەی بە پرسێکی گرنگی وەک هاونیشتمانیبوون، و کاردانەوەی بەئەرێنی یان نەرێنی، هەروەها بۆ باری خێزانیش دەرکەوتووە، وەڵامی ڕێژەی خێزاندار زۆرترینە، بەڕێژەی (٤٤) بۆوەڵامی ئاستەکانی خوێندنیش دەرکەوتووە، ئاستی بەکالۆریۆس زۆرترینە بەڕێژەی (28.5 ) یە، ئەنجامی خشتەی یەک پەیوەندی بەدابەشکردن و وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوەکەوە هەیە، توێژەران هەوڵیانداوە لەهەموو ئاستەکانی خوێندن و تەمەنیش توێژەران پێیان باشبوو دەستەی نێوانیان دە ساڵ بێت،ئەم جیاوازی تەمەنە جیاوازی وەڵامەکانیش دەردەخات، زانیاری زیاتر لەخشتەی (١) دایە.

٢-وەڵامی ئامانجی یەکەم: بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:

خشتەی (٢)

بەرکەوتنی  سامپڵی توێژینەوە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دووبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | زۆر بەکاریدەهێنم | 96 | 48 | 200 |
| | تا ڕاددەیەک بەکاریدەهێنم | 104 | 52 | |
| | بەکاری ناهێنم | / | / | |
| ڕۆژانە چەند کاژێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | ١- ٢ | 43 | 21.5 | 200 |
| | ٣ – ٤ | 91 | 45.5 | |
| | ٥ زیاتر | 66 | 33 | |
| چەند لەم پلاتفۆڕمانە بەکاردەهێنیت | فەیسبووک | 132 | 28.2 | 468 |
| | ئینستاگرام | 87 | 18.6 | |
| | سناپچات | 87 | 18.6 | |
| | یوتیوب | 58 | 12.4 | |
| | تیکتۆک | 72 | 15.4 | |
| | هیتر | 32 | 6.8 | |

لەئەنجامی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت ڕێژەی (٤٨٪) بەشداربوان یتوێژینەوەکە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، بە پلەی یەکەمیش (٣ – ٤) کاتژمێر بەکاریدەهێنن، یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتییەتیش، کە زۆرترین کەس بەکاریدەهێنن بریتییە لە (فەیسبووک)، پاشان هەریەک لە ئینستاگرام و سناپ چات بە هەمان ڕێژە لەلایەن بەشداربوانەوە بەکاردەهێنرێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرکەوتنی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە وکاتێکی زۆر تەرخان دەکەن، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەبژاردەیەک زیاتر دراوە بە سامپڵ بۆیە ژمارکی زیاترە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٢) دایە.

٣- وەڵامی ئامانجی دووەم :پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هاوڵاتییانەوە:

خشتەی(٣)

پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هاوڵاتییانەوە

| پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | دووبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| بۆ بەئاگابون لەرووداوەکان | 156 | 22.5 | 694 |
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 132 | 19 | |
| بۆ کات بەسەربردن | 97 | 14 | |
| بۆ چاتکردن لەگەڵ هاورێکانم | 93 | 13.4 | |
| بۆ ئاگاداربوون لەچالاکی کەسانیتر | 53 | 7.7 | |
| بۆ دۆزینەوەو ناسینی کەسانی تر | 51 | 7.3 | |
| بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون لەگەڵ کەسانی شارەزا | 50 | 7.2 | |
| ئاشنا بوون بە کولتوری وڵاتانی دیکە | 38 | 5.5 | |
| بۆ کارو بازرگانیکردن | 24 | 3.4 | |

لەئەنجامی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت هۆکاری یەکەمی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هاونیشتمانیانەوە (ئاگاداربوونە لە ڕووداوەکان) بەرێژەی (٢٢.٥)،لەپلەی دووەمدا بۆ (وەرگرتنی زانیاری) بەرێژەی (١٩)و دواتریش بۆ (کات بەسەربردن)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووداو زانیارییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر بە خێرایی بەردەستن لەچاو ڕۆژنامەو کەناڵە تەقلیدییەکان، هەروەها هەموو کەسێک دەتوانێت لەرێگەی موبایلەکەی دەستییەوە لەهەر کات و شوێنێکدا متابعەی هەواڵەکان بکات، بەکارهێنەران دەتوانن کۆمێنت و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان بکەن بە بەشداریکردنی ئەوانیتر، جگە لەوە پێگە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵ و زانیارییەکان لەلایەنی جۆراوجۆرەوە دەستەبەردەکەن ئەمە یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنەران بە دەربڕینی ڕاوبیروبۆچونی جیاواز دەربارەی هەمان ڕووداو زانیارییەکان ، هەروەها پێگە کۆمەڵایەتییەکان ناوەرۆکەکانیان جۆراوجۆرن هەر لە ڤیدیو و وێنەو کۆمیدیا ئەمانە ئامرازێکن بۆ چێژوەرگرتنی بەکارهێنەرانیان لە کاتە بەتاڵەکانیان و دورکەوتنەوەیان لە فشاری ڕۆژانەی کارو خوێندن هەستنەکردنیان بە بێ هیوای ، لەهەمان کاتدا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دروستدەکەن لەگەڵ هاوڕێ و خزم و خێزانەکانیاندا کە یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە پەیوەستبوون و ئینتماو کاتبەسەربردن، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەبژاردەیەک زیاتر دراوە بە سامپڵ بۆیە ژمارکی زیاترە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٣) دایە.

٤-وەڵامی ئامانجی سێیەم: وەڵامی سامپڵ بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە بەهای هاونیشتمانیبووندا:

خشتەی(٤)

بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیی وڕۆڵی لە چەسپاندنی هاونیشتمانیبووندا

| | بنەمای بەشداری کۆمەڵایەتی | ڕێژەی سەدی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی برگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هانم دەدات یارمەتی خەڵکانی تر بدەم. | 73.4 | 3.67 | 1.090 | لەگەڵیدام |
| ٢ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پاڵنەرمە بۆ بەشداریکردن لەئەنجامدانی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکاندا. | 72.2 | 3.61 | 1.138 | لەگەڵیدام |
| ٣ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی هەست بە بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکەم. | 60.1 | 3.01 | 1.297 | بێلایەنم |
| ٤ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هانم دەدات بۆ بەشداریکردن لە کاری هاوبەش. | 71.5 | 3.58 | 1.100 | لەگەڵیدام |
| ٥ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وام لێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکەم. | 69.6 | 3.48 | 1.194 | لەگەڵیدام |
| | پاراستنی ناسنامە | | | | |
| ٦ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وام لێدەکات بەشداربم لەئەنجامدانی چالاکی وبۆنەی نەتەوەیی. | 69.1 | 3.46 | 1.210 | لەگەڵیدام |
| ٧ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕۆحی خۆشەویستی وبەرگریکردن لە نیشتمان دەچەسپێنێت. | 61.6 | 3.08 | 1.266 | بێلایەنم |
| ٨ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دڵنیات دەکات لە دەرخستنی گرنگی دان بە داب ونەریتی کۆمەڵ | 65.3 | 3.27 | 1.258 | بێلایەنم |
| ٩ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بایەخدان بەپاراستنی شوێنەوارەکەلەپورییەکان. | 66 | 3.30 | 1.224 | بێلایەنم |
| ١٠ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هانی پاراستنی فەرهەنگ و کەلتوری کۆمەڵ دەدات. | 62.3 | 3.12 | 1.220 | بێلایەنم |
| | بنەمای خۆشەویستی بۆ نیشتمان | | | | |
| ١١ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لەبەستنەوەی چین و توێژەکان بەیەکترەوە نییە. | 63.8 | 3.19 | 1.179 | بێلایەنم |
| ١٢ | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە یەکگرتووی گەلی کورد سەبارەت بە پرسە نیشتمانییە گرنگەکان. | 60.7 | 3.04 | 1.270 | بێلایەنم |
| ١٣ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی ڕێز لە بەهاپیرۆزەکان بگرم. | 65.4 | 3.27 | 1.202 | بێلایەنم |
| ١٤ | بڵاوبونەوەی هەواڵی ناڕاست لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە خۆشەویستیم بۆ نیشتمان لاوازدەکات. | 68.5 | 3.43 | 1.226 | لەگەڵیدام |
| ١٥ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان واملێدەکات کە ژینگەیەکی ئارام بۆ نیشتمان نەبینم. | 68.2 | 3.41 | 1.183 | لەگەڵیدم |
| | بنەمای یاسا و ماف | | | | |
| ١٦ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارلە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاساو مافەکانی مرۆڤ. | 65.6 | 3.28 | 1.212 | بێلایەنم |
| ١٧ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وام لێدەکات وەک تاکێکی کۆمەڵ بەشداربم لە پاراستنی ئاسایش وئارامی کۆمەڵ. | 63.4 | 3.17 | 1.161 | بێلایەنم |

sjh@univsul.edu.iq

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان ڕێگەیەکە بۆداواکردنی مافەکانم. | 64.2 | 3.21 | 1.317 | بێلایەنم |
| ١٩ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی هەست بکەم یاسا بۆ هەمووانە. | 53.4 | 2.67 | 1.253 | بێلایەنم |
| ٢٠ | ناوەرۆک و بابەتەکانی نێوتۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆمیان دەرخستووە کە یاسا سەروەر نییە. | 71.8 | 3.59 | 1.212 | لەگەڵیدام |
| بنەمای دیموکراتی | | | | | |
| ٢١ | تۆرەکۆمەڵایەتییەکان پارمەتیدەرە لە گەیاندنی دەنگی هاونیشتمانی بە بەرپرسان | 64.1 | 3.21 | 1.346 | بێلایەنم |
| ٢٢ | تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەشدارەلە چەسپاندنی شەفافییەت لەمیانەی وروژاندنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات | 64.2 | 3.21 | 1.197 | بێلایەنم |
| ٢٣ | تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەشدارەلە زیادکردنی دەربینی بیرورا بەئازادی دەربارەی پرسەنیشتمانییەکان | 65.5 | 3.28 | 1.244 | بێلایەنم |
| ٢٤ | تۆرەکۆمەڵایەتییەکان ڕێ خۆشدەکات و هانمان دەدات بۆ یەکتر قبوڵکردن | 61 | 3.05 | 1.189 | بێلایەنم |
| ٢٥ | تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەشدارەلە دابینکردنی ژینگەی گفتوگۆ لەنێوان تاکەکانی نەتەوەو ئاینەجیاوازەکان | 64.2 | 3.21 | 1.222 | بێلایەنم |
| ئازادی وڕێزگرتن | | | | | |
| ٢٦ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری خستنەڕووی ڕای جیاواز لەسەر پرسەکان | 71.1 | 3.56 | 1.294 | لەگەڵیدم |
| ٢٧ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە خەڵکانی پێکهاتەکانیتر | 60.7 | 3.04 | 1.277 | بێلایەنم |
| ٢٨ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارەلە سنورداركردنی دەمارگیری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی | 57.5 | 2.88 | 1.248 | بێلایەنم |
| ٢٩ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارەلە ڕێزگرتن لە بەهاکۆمەڵایەتیەکان | 60.8 | 3.04 | 1.235 | بێلایەنم |
| ٣٠ | تۆرەکۆمەڵایەتیەکان والەتاک دەکات ببێتە کەسێکی تورەو هەڵچوو | 69 | 3.45 | 1.403 | لەگەڵیدام |

لەئەنجامی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بەپێی ئەوەی ناوەندە ژمێرەیی برگەی (تۆرەکۆمەڵایەتیەکان هانم دەدات یارمەتی خەڵکانی تر بدەم) بەرزترینە کە( ٣.٦٧) ە، دوای ئەویش برگەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان پاڵنەرە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکۆمەڵایەتییەکاندا کە (٣.٦١) ە، هەروەها برگەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکانیش بۆتە هۆکاری ئەوەی واهەست بکەم کە یاسا بۆ هەمووانە ناوەندە ژمێرەیی (٢.٦٧) یە، نزمترینە، ئەوبرگانە دەریدەخەن کە، سامپڵی توێژینەوە وەڵامێکی باوەڕپێکراوی لانییە، تورە کۆمەڵایەتییەکان لەو برگانەدا ئەو کارانەی لادروستبکات بۆیە وەڵامەکانیان بێلایەنە، ئەمەش ئەوەدەردەخات کە، تۆرەکۆمەڵایەتییەکان ئەو کارانەی نەکردووە لای سامپڵی توێژینەوەکە.وەک لەخشتەی (٤ ) دا دیارە.

خشتەی(٥)

ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەهای هاونیشتیمانیبوونەوە

| تەوەر | ناوەندژمێرەیی گریمانی | ناوەندژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پیوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەی هاونیشتیمانی بوون | 90 | 97.71 | 24.152 | 4.515 | .000 |
| بەهای (T) خشتەیی بەئاستی بەڵگەداری (0.05)و نمرەی ئازادی (199) = 1.97 | | | | | |

بەوجۆرەی لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی، ئەمەش مانای وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بوونی بەهای هاونیشتیمانیبوون لای هاونیشتمانیان. بۆئەوەی بزانین لە کام برگەیەدایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرزترین ئاستی هاونیشتیمانی بوون دروست دەکەن لای هاونیشتمانیان، ناوەندە ژمێرەیی هەر برگەیەک هەژمار دەکەین و بەرزترین ناوەندژمێرەیی ئەوەمان نیشان دەدات، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو برگەیەدا بەرزترین ئاستی هاونیشتیمانیبوونی تۆمار کردووە لای نموونەی توێژینەوەکە

٥-وەڵامی ئامانجی چوارەم وەڵامی سامپڵ بۆ بەرکەوتن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن):

خشتەی (٦)

بەرکەوتنی سامپڵ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % |
| تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | زۆر بەکاریدەهێنم | 53 | 53 | 43 | 43 |
| | تا ڕاددەیەک بەکاریدەهێنم | 47 | 47 | 57 | 57 |
| کۆی گشتی | | 100 | 100 | 100 | 100 |
| ڕۆژانە چەند کاژێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | ١- ٢ | 15 | 15 | 28 | 28 |
| | ٣ ـ ٤ | 49 | 49 | 42 | 42 |
| | ٥ زیاتر | 36 | 36 | 30 | 30 |
| کۆی گشتی | | 100 | 100 | 100 | 100 |
| چەند لەم پلاتفۆرمانە بەکاردەهێنیت | فەیسبووک | 80 | 33.5 | 52 | 22.4 |
| | ئینستاگرام | 32 | 13.4 | 55 | 23.7 |
| | سناپچات | 32 | 13.4 | 55 | 23.7 |
| | یوتیوب | 33 | 13.8 | 25 | 10.8 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | تیکتۆک | 44 | 18.4 | 28 | 12.1 |
| | هیتر | 18 | 7.5 | 17 | 7.3 |
| کۆی گشتی | | 239 | 100 | 232 | 100 |
| مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | بۆ بەئاگابون لەرووداوەکان | 80 | 23.1 | 76 | 21.8 |
| | بۆ وەرگرتنی زانیاری | 65 | 18.8 | 67 | 19.3 |
| | بۆ کات بەسەربردن | 51 | 14.7 | 46 | 13.2 |
| | ئاشنا بوون بە کولتوری وڵاتانی دیکە | 17 | 5 | 21 | 6 |
| | بۆ ئاڵوگۆرکردنی بیروبۆچون لەگەڵ کەسانی شارەزا | 23 | 6.6 | 27 | 7.8 |
| | بۆ چاتکردن لەگەڵ هاورێکانم | 40 | 11.6 | 53 | 15.2 |
| | بۆ کارو بازرگانیکردن | 16 | 4.6 | 8 | 2.3 |
| | بۆ ئاگاداربوون لەچالاکی کەسانیتر | 26 | 7.5 | 27 | 7.8 |
| | بۆ دۆزینەوەو ناسینی کەسانی تر | 28 | 8.1 | 23 | 6.6 |
| | | 346 | 100 | 348 | 100 |

بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە بەرکەوتنیان بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەبینین جیاوازی لەنێوان نێرو مێدا لەرووی بەرکەوتنیان بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئەو کەسانەی کە زۆر بەکاریدێنن نێرن بەڕێژەی ٥٣% نێر و ڕێژەی ٤٣% مێن، هەروەها ئەوانەشی کە ڕۆژانە (٣-٤) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن هەرنێرن بەڕێژەی ٤٩% و ڕێژەی ٤٢% مێین، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پلاتفۆرمەکانی تر بەکاردێنن فەیسبووک لەهەموو پلاتفۆرمەکانی تر زیاتر بەکاردێت لەلایەن ڕەگەزی نێر، بەڕێژەی ٣٣.٥و ڕێژەی ٢٢.٤مێ، هەرچی سناپچات و ئینستاگرامە لەلایەن ڕەگەزی مێیەوەزیاتر بەکاردێت بەڕێژەی ٢٢.٧ بەڕێژەی ١٣.٤ نێرن، بەڵام تیکتۆک ڕەگەزی نێر زیاتر بەکاریدەهێنێت بەڕێژەی ٤٤و بەڕێژەی ١٢.١ مێن، سەبارەت بەبەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستەکانی تر ئەو کەسانەی کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بە ئاگابوون لە ڕووداوەکان زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێناوە لەچاو مەبەستەکانی تری بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆرترینیان نێرن بەڕێژەی ٢٣.١ نێرن بەڕێژەی ٢١.٨ مێن، ئەو کەسانەی کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکاردێنن مێ زیاترن بەڕێژەی١٩.٣ مێ و بەڕێژەی ١٨.٨ نێرن، ئەو کەسانەی کە بۆ کاتبەسەربردن بکاریدێنن زایاتر نیرن بەڕێژەی ١٤.٧ نێرن و بەڕێژەی١٣.٢ مێن ، بەڵام بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستەکانی تر لە چاو ئەوانەی سەرەوەدا ڕێژەکانیان کەمترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە، جیاوازی لەنێوان ڕەگەز هەیە بۆ مەبەستی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتی دەکەن، نێر زیاتر بەکاری دەهێنێت بۆ زۆرلەپاڵنەرەکان. وەک لە خشتەی(٦)دا دیارە .

٦-بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی تەمەن:

خشتەی (٧)

جیاوازی نموونەی توێژینەوەکە بە بەرکەوتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| دابەشبونی گۆڕاوەکان | ١٦ – ٢٥ | | ٢٦ - ٣٥ | | ٣٦ – ٤٥ | | ٤٦ زیاتر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | | | | | | | | |
| زۆر بەکاریدەهێنم | 33 | 56.9 | 23 | 60.5 | 19 | 32.2 | 21 | 46.7 |
| تا ڕاددەیەک بەکاریدەهێنم | 25 | 43.1 | 15 | 39.5 | 40 | 67.8 | 24 | 53.3 |
| کۆی گشتی | 58 | 100 | 38 | 100 | 59 | 100 | 45 | 100 |
| ڕۆژانە چەند کاژێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | | | | | | | | |
| ١- ٢ | 9 | 15.5 | 6 | 15.8 | 17 | 28.8 | 11 | 24.4 |
| ٣ – ٤ | 26 | 44.8 | 15 | 39.5 | 33 | 55.9 | 17 | 37.8 |
| ٥ زیاتر | 23 | 39.7 | 17 | 44.7 | 9 | 15.3 | 17 | 37.8 |
| کۆی گشتی | 58 | 100 | 38 | 100 | 59 | 100 | 45 | 100 |
| چەند لەم پلاتفۆرمانە بەکاردەهێنیت | | | | | | | | |
| فەیسبووک | 24 | 16.3 | 25 | 26.1 | 47 | 38.2 | 36 | 34.3 |
| ئینستاگرام | 36 | 24.5 | 15 | 15.6 | 21 | 17.1 | 15 | 14.3 |
| سناپچات | 38 | 25.9 | 21 | 21.9 | 14 | 11.4 | 14 | 13.3 |
| یوتیوب | 15 | 10.2 | 10 | 10.4 | 15 | 12.2 | 18 | 17.2 |
| تیکتۆک | 28 | 19 | 13 | 13.5 | 17 | 13.8 | 14 | 13.3 |
| هیتر | 6 | 4.1 | 12 | 12.5 | 9 | 7.3 | 8 | 7.6 |
| کۆی گشتی | 147 | 100 | 96 | 100 | 123 | 100 | 105 | 100 |
| مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | | | | | | | | |
| بۆ بەئاگابون لەرووداوەکان | 38 | 18.1 | 30 | 22.1 | 50 | 27 | 38 | 23.3 |
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 36 | 17.1 | 22 | 16.2 | 43 | 23.3 | 31 | 19 |
| بۆ کات بەسەربردن | 40 | 19.1 | 21 | 15.4 | 23 | 12.4 | 13 | 8 |
| ئاشنا بوون بە کولتوری وڵاتانی دیکە | 10 | 4.8 | 6 | 4.4 | 9 | 4.9 | 13 | 8 |
| بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون لەگەڵ کەسانی شارەزا | 13 | 6.2 | 8 | 5.9 | 12 | 6.5 | 17 | 10.4 |
| بۆ چاتکردن لەگەڵ هاورێکانم | 38 | 18.1 | 22 | 16.2 | 17 | 9.2 | 16 | 9.8 |
| بۆ کارو بازرگانیکردن | 7 | 3.3 | 6 | 4.4 | 5 | 2.7 | 6 | 3.7 |
| بۆ ئاگاداربوون لەچالاکی کەسانیتر | 15 | 7.1 | 11 | 8.1 | 16 | 8.6 | 11 | 6.7 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆ دۆزینەوەو ناسینی کەسانی تر | 13 | 6.2 | 10 | 7.3 | 10 | 5.4 | 18 | 11.1 |
| کۆی گشتی | 210 | 100 | 136 | 100 | 185 | 100 | 163 | 100 |

بۆ دەرخستنی جیاوازی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەرکەوتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن، زۆرترینی ئەو تەمەنانەی کە زۆرترین بەرکەوتنیان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان (١٦-٢٥) ساڵیدایە بەڕێژەی (56.9 )، زۆرترینی ئەو تەمەنانەی کە تارادەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن لەنێوان تەمەنی (٣٦-٤٥) ساڵیدایە بەڕێژەی٦٧.٨هەروەها زۆرترین ماوەی بەکارهێنان بۆ (٣-٤) کاژێر تەمەنی (٣٦-٤٥)ە، بەڵام ماوەی ٥ کاژێر زیاتر بۆ تەمەنی ١٦-٢٥ ساڵییە، بەڕێژەی (٥٥.٩) یە، بەڵام کەمترین ڕێژەی کاژێرەکانی لە (٥ زیاتر) بۆ تەمەنی (٣٦-٤٥) دایە، بەڕێژەی (١٥.٣)، ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کە زۆرترین بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ماوەی زۆرکە لە ٥کاژێر زیاترە لەلایەن توێژی گەنجانەوەیە کەتەمانێکی هەستیارە وپێویستە بەهۆشیارانەوە بکاری بهێنن و هەر پەیامێکی نەرێنی بێگومان کاریگەری نەرێنی بۆسەریان دەبێت، سەبارەت بە جۆری پلاتفۆڕمەکان، زۆرترینی ئەو تەمەنانەی کە فەیسبووک بەکاردێنن لەنێوان(٣٦-٤٥) ساڵیدایە بەڕێژەی٣٨.٢، بەڵام تەمەنی گەنجان (١٦-٢٥) زۆرترین ئەو تەمەنانەی کە پلاتفۆڕمەکانی ئینستاگرام بەڕێژەی (٢٤.٥) و سناپچات بەڕێژەی (٢٥.٩) و تیکتوک بەڕێژەی (١٩.٠) بەکاردێت، ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کە توێژی گەنجان زیاتر پلاتفۆڕمەکانی ئینسگرام و سناپچات وتیکتوک بەکاردێنن، کە زیاتر ئەوپەیامانەی کە ئەم پلاتفۆڕمانە بڵاوی دەکەنەوە زیاتر بۆلایەنی کاتبەسەربردنە و زانیاری کەمتر تیادا بڵاودەکرێتەوە، بەمەش کاتێکی زۆریان لێ دەبات و سودیشیان پێ ناگەێنێت، هەروەها زۆرترینی ئەو تەمەنانەی کە تۆڕە کۆەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی بە ئاگابوون لەڕووداوەکان بەکاردێنێت لەنێوان(٣٦-٤٥) ساڵیدایە بەڕێژەی٢٧%، زۆرترینی ئەو تەمەنانەی بۆ سوود وەرگرتن لە زانیارییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن لەنێوان تەمەنی(٣٦-٤٥)ساڵیە بەڕێژەی ٢٣.٣، هەروەها ئەو تەمەنانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاتبەسەربردن بەکاردێنن لەنێوان تەمەنی(١٦-٢٥) ساڵیدایە بەڕێژەی١٩.١ یە، بەڵام کەمترینی ئەو تەمەنانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کاتبەسەربردن بەکاردێنن لەنێوان تەمەنی(٤٦)ساڵیدایە بەڕێژەی ٨%، ئەمە ئەوەدەردەخات کە، گەنجان کاتێکی زۆر بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەییەکان بەسەردەبەن، زۆرترینیشی بۆکاتبەسەربردنە دەشێت گەنجان بێ ئاگا بکەونە ژێرکاریگەری نەرێنییەوە، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٧) دایە.

٧-بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن:

خشتەی (٨)

جیاوازی سامپڵی توێژینەوەکە بە بەرکەوتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

| دابەشبونی گۆڕاوەکان | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | خوێندنی باڵا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | | | | | | | | | | |
| زۆر بەکاریدەهێنم | 15 | 45.5 | 20 | 50 | 16 | 45.7 | 29 | 50.9 | 16 | 45.7 |
| تا ڕاددەیەک بەکاریدەهێنم | 18 | 54.5 | 20 | 50 | 19 | 54.3 | 28 | 49.1 | 19 | 54.3 |
| کۆی گشتی | 33 | 100 | 40 | 100 | 35 | 100 | 57 | 100 | 35 | 100 |
| ڕۆژانە چەند کاژێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت | | | | | | | | | | |
| ١- ٢ | 6 | 18.2 | 7 | 17.5 | 7 | 20 | 10 | 17.5 | 13 | 37.1 |
| ٣ – ٤ | 8 | 24.2 | 19 | 47.5 | 18 | 51.4 | 27 | 47.4 | 19 | 54.3 |
| ٥ زیاتر | 19 | 57.6 | 14 | 35 | 10 | 28.6 | 20 | 35.1 | 3 | 8.6 |
| کۆی گشتی | 33 | 100 | 40 | 100 | 35 | 100 | 57 | 100 | 35 | 100 |
| چەند لەم پلاتفۆڕمانە بەکاردەهێنیت | | | | | | | | | | |
| فەیسبووک | 22 | 25 | 25 | 28.4 | 25 | 25.5 | 31 | 27.7 | 29 | 34.1 |
| ئینستاگرام | 11 | 12.5 | 16 | 18.2 | 17 | 17.3 | 25 | 22.3 | 18 | 21.2 |
| سناپچات | 18 | 20.4 | 15 | 17 | 18 | 18.4 | 25 | 22.3 | 11 | 13 |
| یوتیوب | 8 | 9.1 | 11 | 12.5 | 16 | 16.3 | 12 | 10.7 | 11 | 13 |
| تیکتۆک | 21 | 23.9 | 14 | 16 | 14 | 14.3 | 13 | 11.6 | 10 | 11.7 |
| هیتر | 8 | 9.1 | 7 | 7.9 | 8 | 8.2 | 6 | 5.4 | 6 | 7 |
| کۆی گشتی | 88 | 100 | 88 | 100 | 98 | 100 | 112 | 100 | 85 | 100 |
| مەبەستەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | | | | | | | | | | |
| بۆ بەئاگابون لەرووداوەکان | 26 | 20.6 | 32 | 23.2 | 25 | 21 | 41 | 23.6 | 32 | 23.4 |
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 20 | 15.9 | 19 | 13.8 | 25 | 21 | 41 | 23.6 | 27 | 19.7 |
| بۆ کات بەسەربردن | 21 | 16.7 | 17 | 12.3 | 16 | 13.4 | 29 | 16.7 | 14 | 10.2 |
| ئاشنا بوون بە کولتوری وڵاتانی دیکە | 4 | 3.2 | 8 | 5.8 | 8 | 6.7 | 10 | 5.7 | 8 | 5.8 |
| بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچـون لەگەڵ کەسانی شارەزا | 6 | 4.8 | 10 | 7.2 | 10 | 8.4 | 10 | 5.7 | 14 | 10.2 |
| بۆ چاتکردن لەگەڵ هاوڕێکانم | 17 | 13.5 | 18 | 13 | 13 | 11 | 30 | 17.2 | 15 | 11 |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆ کارو بازرگانیکردن | 3 | 2.4 | 4 | 2.9 | 4 | 3.4 | 5 | 2.9 | 8 | 5.8 |
| بۆ ئاگاداربوون لەچالاکی کەسانیتر | 11 | 8.7 | 15 | 10.9 | 7 | 5.9 | 7 | 4 | 13 | 9.5 |
| بۆ دۆزینەوەو ناسینی کەسانی تر | 18 | 14.2 | 15 | 10.9 | 11 | 9.2 | 1 | 0.6 | 6 | 4.4 |
| کۆی گشتی | 126 | 100 | 138 | 100 | 119 | 100 | 174 | 100 | 137 | 100 |

بەپێی وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ جیاوازی نموونەی توێژینەوەکە بە بەرکەوتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن دەردەکەوێت، ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریوسن بەرێژەی (٥٠.٩) یە، هەروەها زۆرینەی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە (١-٢) کاژێر بەکاردێنن ئاستی خوێندنی باڵان بەرێژەی ٣٧.١ هەروەها زۆرینەی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە (٣-٤) کاژێر بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریوسن بەرێژەی ٤٧.٤ بەڵام کەمترین ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (٣-٤) کاژێر بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بنەرەتین بەرێژەی٢٤.٢کەسن ،هەروەها زۆرینەی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە (٥کاژێر زیاتر) بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریوسن بەرێژەی (٣٥.١) کەسن، هەروەها زۆرترینی ئەو کەسانەی کە فەیسبووک بەکاردێنن ئاستی خوێندنیان بەکالوریوسە بەرێژەی (٢٧.٧) کەس، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی فەیسبوک بەکاردێنن ئاستی خوێندنیان بنەڕەتییە بەرێژەی (٢٥) کەس، هەرچی زۆرترینی ئەو کەسانەی کە ئینستاگرام بەکاردێنن ئاستی خوێندنین بەکالوریوسە بەرێژەی (٢٢.٣) کەس، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی ئینستاگرام بەکاردێنن ئاستی خوێندنیان بنەڕەتییە بەرێژەی (١٢.٥)کەسن، هەرچی زۆرترینی ئەو کەسانەی کە سناپچات بەکاردێنن ئاستی خوێندنین بەکالوریوسە بەرێژەی (٢٢.٣) کەس، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی سناپچات بەکاردێنن ئاستی خوێندنی باڵان بەرێژەی (١٣.٠)کەسن، هەروەها زۆرترینی ئەو کەسانەی کە تیکتوک بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بنەڕتین بەرێژەی (٢٣.٩)، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی تیکتوک بەکاردێنن ئاستی خوێندنی باڵان بەرێژەی (١١.٧) کەسن، هەرچی زۆرترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەئاگابوون لەڕووداوەکان بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریۆسن بەرێژەی (٢٣.٦)یە، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەئاگابوون لە ڕووداوەکان بەکاردێنن ئاستی خوێندنی دبلۆمن بەرێژەی(٢١) کەس، هەروەها زۆرترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریۆسن بەرێژەی(٢٣.٦) یە، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکاردێنن ئاستی خوێندنی ناوەندین بەرێژەی (١٣.٨)یە، هەرچی زۆرترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاتبەسەربردن بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریۆسن بەرێژەی (١٦.٧)، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاتبەسەربردن بەکاردێنن ئاستی خوێندنی باڵان بەرێژەی (١٠.٢) کەس، هەروەها زۆرترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چاتکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان بەکاردێنن ئاستی خوێندنی بەکالوریوسن بەرێژەی (١٧.٢) یە، بەڵام کەمترینی ئەو کەسانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چاتکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان بەکاردێنن بەرێژەی (١١) کەسن، ئەم ئەنجامانە ئەوەمان بۆدەردەخات کە، ئاستی خوێندن ڕۆڵی هەیە بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، و جۆری پلاتفۆرمەکەش، بۆ پاڵنەرەکەش، ئەوەی جێی سەرنجە قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆس بۆ ماوەی زۆر بەکاریدەهێنێت، زانیاری زیاتر لەخشتەی (٨) دایە.

٨-وەڵامی ئامانجی پێنجەم: دەرخستنی ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ برگەکانی هاونیشتمانیبوون بەپێی ڕەگەز:

خشتەی(٩)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ دەرخستنی جیاوازی هاونیشتیمانیبوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| تەوەرەکان | نێر | | مێ | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | 17.09 | 4.936 | 17.59 | 4.833 | 0.724 | 0.470 |
| پاراستنی ناسنامە | 15.78 | 4.743 | 16.65 | 5.564 | 1.190 | 0.235 |
| خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | 15.94 | 3.994 | 16.72 | 4.470 | 1.301 | 0.195 |
| ماف و یاسا | 15.40 | 4.601 | 16.44 | 4.617 | 1.595 | 0.112 |
| بنەمای دیموکراتی | 15 | 4.853 | 16.90 | 4.846 | 2.770 | 0.006 |
| ڕێزگرتن و ئازادی | 15.19 | 4.631 | 16.72 | 5.129 | 2.214 | 0.028 |
| بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (198) = 1.97 | | | | | | |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تەنیا لە (بنەمای دیموکراتی و ڕێزگرتن و ئازادی)دا بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی، ئەمەش مانای وایە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەو بوارانەدا جیاوازی هەیە لە بەهای هاوونیشتیمانی بووندا، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێ، چونکە ناوەندەژمێرەییەکەیان (16.90) (16.72) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر، ئەمەش واتە لەو بنەمایانەدا ڕەگەزی مێ بەهای هاوونیشتیمانی بونیان بەرزترە، دەکرێت هۆکارەکەی ئەو ئازادییە بێت کە لە ئێستادا بۆ ژنان دەستەبەر کراوە، یان ڕەگەزی مێ بەکارهێنەرێکی هۆشیارن بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وئاستی بەرپرسیارێتیان زیاتربێت، وەک لەخشتەی (٩) دا دیارە.

٩- دەرخستنی جیاوازی هاونیشتیمانی بوون بەپێی گۆڕاوی تەمەن:

خشتەی(١٠)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی هاونیشتیمانی بوون بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| بوارەکان | گروپەکانی تەمەن | دووبارە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (F) هەژمارکراوە | بەهای (F) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشداری کۆکۆمەڵایەتی | 25 – 16 | 58 | 16.91 | 4.555 | 0.946 | 2.65 | 0.419 |
| | 35 – 26 | 38 | 16.61 | 5 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 17.58 | 4.753 | | | |
| | 46 زیاتر | 45 | 18.20 | 5.333 | | | |
| پاراستنی ناسنامە | 25 – 16 | 58 | 16.29 | 4.903 | 0.419 | 2.65 | 0.739 |
| | 35 – 26 | 38 | 15.66 | 5.508 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 16 | 4.941 | | | |
| | 55 – 46 | 45 | 16.87 | 5.615 | | | |
| خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | 25 – 16 | 58 | 15.48 | 3.867 | 1.419 | 2.65 | 0.238 |
| | 35 – 26 | 38 | 16.13 | 4.749 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 16.75 | 3.998 | | | |
| | 55 – 46 | 45 | 17.04 | 4.517 | | | |
| ماف و یاسا | 25 – 16 | 58 | 15.22 | 4.113 | 1.086 | 2.65 | 0.356 |
| | 35 – 26 | 38 | 15.53 | 5.396 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 16.24 | 4.158 | | | |
| | 55 – 46 | 45 | 16.73 | 5.105 | | | |
| بنەمای دیموکراتی | 25 – 16 | 58 | 15.55 | 4.473 | 1.562 | 2.65 | 0.200 |
| | 35 – 26 | 38 | 14.74 | 4.858 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 16.73 | 4.867 | | | |
| | 55 – 46 | 45 | 16.47 | 5.513 | | | |
| ئازادی و ڕێزگرتن | 25 – 16 | 58 | 16.07 | 4.408 | 0.646 | 2.65 | 0.586 |
| | 35 – 26 | 38 | 15.03 | 5.989 | | | |
| | 45 – 36 | 59 | 16.44 | 4.272 | | | |
| | 55 – 46 | 45 | 15.96 | 5.444 | | | |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەوجۆرەی لە خشتەی (١٠) دا دەردەکەوێت، لە گشت بوارەکاندا بەهای (F) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی، ئەمەش مانای وایە بەپێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی نییە لە بەهای هاونیشتیمانیبوون لە نموونەی توێژینەوەکە دا، مانای وایە هەمو ئاستی تەمەنەکان یەک هەڵوێستن بۆ برگەکانی هاونیشتمانیبون لەرێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

١٠- دەرخستنی جیاوازی هاونیشتیمانی بوون بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن:

خشتەی(١١)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی هاونیشتیمانی بوون بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

| بوارەکان | گروپەکانی تەمەن | دووبارە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (F) هەژمارکراوە | بەهای (F) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشداری کۆمەڵایەتی | بنەڕەتی | 33 | 16.82 | 6.454 | 0.378 | 2.42 | 0.824 |
| | ئامادەیی | 40 | 17.20 | 5.297 | | | |
| | دبلۆم | 35 | 18.20 | 5.324 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 17.30 | 3.615 | | | |
| | باڵا | 35 | 17.20 | 4.122 | | | |
| پاراستنی ناسنامە | بنەڕەتی | 33 | 17.06 | 6.731 | 0.397 | 2.42 | 0.811 |
| | ئامادەیی | 40 | 16.05 | 4.920 | | | |
| | دبلۆم | 35 | 16.54 | 6.118 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 15.72 | 4.527 | | | |
| | باڵا | 35 | 16.09 | 3.729 | | | |
| خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | بنەڕەتی | 33 | 16.42 | 6.315 | 0.971 | 2.42 | 0.424 |
| | ئامادەیی | 40 | 17.28 | 3.896 | | | |
| | دبلۆم | 35 | 16.66 | 4.905 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 15.70 | 2.803 | | | |
| | باڵا | 35 | 15.86 | 3.397 | | | |
| ماف و یاسا | بنەڕەتی | 33 | 16 | 5.728 | 0.029 | 2.42 | 0.998 |
| | ئامادەیی | 40 | 15.73 | 5.174 | | | |
| | دبلۆم | 35 | 15.86 | 5.531 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 16.02 | 3.265 | | | |
| | باڵا | 35 | 15.97 | 3.937 | | | |
| بنەمای دیموکراتی | بنەڕەتی | 33 | 14.82 | 5.881 | 0.728 | 2.42 | 0.574 |
| | ئامادەیی | 40 | 15.88 | 4.691 | | | |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دبلۆم | 35 | 16.71 | 5.717 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 15.89 | 4.495 | | | |
| | باڵا | 35 | 16.43 | 4.053 | | | |
| ئازادی و ڕێزگرتن | بنەڕەتی | 33 | 14.73 | 6.943 | 0.978 | 2.42 | 0.421 |
| | ئامادەیی | 40 | 15.43 | 5.237 | | | |
| | دبلۆم | 35 | 16.37 | 5.836 | | | |
| | بەکالۆریۆس | 57 | 16.63 | 3.222 | | | |
| | باڵا | 35 | 16.20 | 3.420 | | | |

بەوجۆرەی لە خشتەی (١١) دا دەردەکەوێت، لە گشت بوارەکاندا بەهای (F) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی، ئەمەش مانای وایە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن جیاوازی نییە لە بەهای هاونیشتیمانیبوون لای سامپڵی توێژینەوەکە و هەموو تەمەنەکان یەک هەڵوێستن بۆ بڕگەکانی هاوونیشتمانیبون.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکە :

١-لەدەرئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانییەکەوە دەرکەوتووە کە، هاونیشتمانییان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە زۆر بەکاردێنن و زۆرترینیان ماوەی (٣-٤) کاتژمێر بەکاریدێنێت، زیاتریش پلاتفۆڕمی فەیسبووک، بەکاردێنن پاشان ئینستاگرام و سناپچات ئنجا پلاتفۆرمەکانی تر. ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (منصر ساڵی ٢٠١٨) کە فەیسبووک زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی ئاسانی گەڕانە بەدوای زانیارییەکان.

٢-لە توێژینەوە مەیدانییەکەدا دەرکەوتووە، هۆکاری یەکەمی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لای هاونیشتمانیان بۆ بەئاگابوونە لە ڕووداوو زانیارییەکان و کاتبەسەربردن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووداو زانیارییەکان لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر بەخێرایی بەردەستن .ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (منصر ساڵی ٢٠١٨) لەگرنگترین پاڵنەرەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانی گەڕانە بەدوای زانیارییەکان.

٣- لەدەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتمانیبوون لای هاونیشتمانیان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەرک و مافە شارستانییەکان و زیادکردنی هۆشیاری هاونیشتمانیان لەسەر بابەتە نیشتمانی و کۆمەڵگەییە گرنگەکان و فراوانکردنی ڕووبەری گفتوگۆ دەربارەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەشێوەیەکی ئازادو کراوە، هەروەها هاندان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەو ڕێزگرتن لەڕاوبیروبۆچوونی ئەوانیتر بۆ چەسپاندنی بەهای لێبووردەیی و پێکەوە ژیان، جگە لەوانە یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتی خێرخوازی و ژینگەیی و خۆبەخشی بەئاسانی، هەروەها بەشداریەکات لە چەسپاندنی پەیوەندی لەنێوان هاونیشتمانیان و بەهێزکردنی هەستکردن بە یەکبوونی نیشتمان. هاوڕاشە لەگەڵ توێژینەوەکەی (الدیجانی ٢٠٢٢) کە ئاماژەی دابوو بەوەی کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە پاراستنی ناسنامەو پاراستنی کولتوری کۆمەڵ هەیە کە دەبەسترێتەوە بە خۆشەویستی نیشتمان وخزمەتکردنی نیشتمان.

٤-جیاوازی لەنموونەی توێژینەوەکە دا هەیە لەبەرکەوتنیان بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەرکەوتووە کە زیاتر ڕەگەزی نێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن وەک (فەیسبووک ویوتیوب و تیکتوک)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی نێر زیاتر حەز بە بەدواداچوونی هەواڵی وەرزشی و سیاسی و ئابووری وتەکنەلۆجی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکەن، هەروەها تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن وەکو ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونیان لەسەر بابەتە جیاوازەکان.

٥- لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە، بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوەکە بە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن ئەو تەمەنانەی کە زۆر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن زیاترتەمەنیان لەنێوان (١٦-٢٥)ساڵیدایە هەر ئەو تەمەنە (٥) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێن هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو تەمەنە زیاتر هەلی بەشداریکردنیان هەیە بە بیرۆکەکانیان و بیروبۆچونەکانیان بۆ دەربڕینی خودی خۆیان دەرخستنی کەسێتیان و بونیادنانی پێناسیان ، هەروەها هەر ئەو تەمەنە چالاکن بۆ ئەوەی زیاتر لەبوارە جیاوازەکاندا فێربن وەکو فێربوونی زمان وتەندروستی و پرۆگرامسازی چەندین بواری تر.

٦-لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوەکە بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئاستی خوێندن ئەوانەی کە زۆر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن زیاتر ئاستی خوێندنیان بەکالوریۆسە هەر ئەو ئاستە (٥) کاتژمێر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاستە لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسەکانیاندا ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانیان دەکەن، هەروەها بەدواداچوون و گەڕانیان بە دوای هەواڵی زانستی و ڕۆشنبیری وسیاسی لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە ، بەڵام ئەوانەی یوتیوب وتیکتوک زیاتر بەکاردێنن ئاستی خوێندنیان بنەڕەتییە لەبەرئەوەی ئەو پێگانە تاقیکردنەوەو ئەزمونی ئاسانیان تێدایە بەبێ ئەوەی پێویستیان بە شارەزایی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتو هەبێت لەهەمان کاتدا ئەو پێگانە برگەی ڤیدیۆو ئەفلام کارتون و گۆرانی وبرگەی کۆمێدی کە لەگەڵ هەموو تەمەنەکاندا گونجاوە یان ڤیدیۆی تێدایەکە بیرۆکەکان بەڕێگەی ئاسان ڕووندەکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە خوێندنەوەی زۆر هەبێت

٧-لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لەهاونیشتمانیبوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبوارەکانی وەکو(بنەمای دیموکراتی و، ڕێزگرتن و ئازادی) ڕەگەزی مێ بەهای هاونیشتمانیبوونی بەرزترە ئەمەش هۆکاری ئەوەبێت کە بە بەرۆرسیارانەوە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن.

٨-لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە دەرکەوتووە کە جیاوازی هاونیشتمانیبوون بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن لەبوارەکانی وەکو( بەشداری کۆمەڵایەتی و، پاراستنی ناسنامەو، خۆشەویستی نیشتمان و، ماف و یاسا و، بنەمای دیموکراتی و، ڕێزگرتن و ئازادی) لای سامپڵی توێژینەوەکە نییە، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە هەموو ئاستەکانی خوێندن بەهای هاونیشتمانیبوونیان وەکو یەکە.

**ڕاسپاردەکان :**

١-گرنگیدانی زیاتر بە بەها نیشتمانییەکان لای هاووڵاتیان بەتایبەتی خوێندکاران، دەکرێت سود لە پرۆگرامەکانی خوێندن وەربگیرێت و دەوڵەمەندتری بکەن بە خستنەڕووی بەهاکانی هاونیشتمانیبوون، کەئەمەش کاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەک پەروەردەو خوێندنی باڵایە.

٢-دانانی پرۆگرامی پەروەردەی میدیایی یان خوێندەواری میدیایی بۆ خوێندکاران، بۆبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان لەئاست بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان.

٣-گرنگیدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهەڵمەتی ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان دەربارەی مەترسی هەندێک لاپەڕەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەلاڕێدابردنییان و بەئاسانی متمانە بەهەموو پەیامێک نەکەن.

٤-پێویستە دامەزراوەکانی حکومەت هەستن بە دروستکردنی لاپەرەی فەرمی بۆ هاندانی هاونیشتمانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئینت مایان بۆ نیشتمان وچەسپاندنی بەهای هاونیشتمانییوون .

٥- گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ ئاشناکردنی هاووڵاتی بە ئەرک و مافەکانیان.

**پێشنیارەکان**

توێژەران پێشنیاری ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکەن بۆ توێژەرانی دوای خۆیان:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر رۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی بەهای هاونیشتیمانییوون و ئینتما لەنێوان گەنجانی کوردا .

٢- توێژینەوە ئەنجامبدرێت لەسەر بەهای هاونیشتیمانییوون و گەشەپێدان لەرێگەی بەشداریکردنی کۆمەڵگەو چەسپاندنی بەهای هاوکاری وبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی .

٣-توێژینەوە ئەنجامبدرێت لەسەر ئەرک و مافەکان و بەهای هاونیشتیمانییوون .

٤- توێژینەوە ئەنجامبدرێت لەسەرچاندنی بەهای هاونیشتیمانییوون لە دەروونی نەوەکانی داهاتو بۆ بنیادنانی دوارۆژێکی باشتر .

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم:پەرتوکەکان:**

-البشر، محمد بن سعود، ٢٠١٤، نظريات التأثير الاعلامي، العبيكات للنشر، الرياض.

-التميمي، مهند حميد،(٢٠١٧)، التلفزيون وشبكات التواصل الاجتماعي تكامل أم صراع، دار أمجد للنشر والتوزيع، عمان.

-صبطي،عبيدة، (٢٠١٨)، الاعلام الجديد و المجتمع، المركز العربي للنشر والتوزيع، مصر

عثمان، مضوي أبكر عبدالله آدم، ٢٠٢٢، إنعكاسات الاعلام الرقمي على الاتجاهات السياسية للشباب الجامعي، المركز الديمقراطي العربي، برلين-المانيا

-عبدالمنعم،سالي رمضان، ٢٠١٥، الفضائيات وتأثيرها الإعلامي، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة.

عبدالفتاح، أحمد عبدالكافي، ٢٠٢٢، أصول الاقناع في الاعلام الجديد، مؤسسة طيبة للمشر والتوزيع، القاهرة

**دووەم: نامەی ماستەرو تێزی دکتۆراکان:**

-ابوبكر،حسن، المواطنة الشاملة، مؤسسة فريدريش ابيرت، مكتب مصر، القاهرة.

-ايمان،نويشي، ٢٠٢٠، تاثير مواقع التواصل الاجتماعي على المواطنة (الفيسبوك انموذجا)، شهادة ماجستير، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ، قسم علم الاجتماع، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥-قالمة.

-حمايل،عبد احمد يوسف،٢٠١١، دور اذاعة (امن اف ام)في تعزيز الانتمائ الوطني لدى الطلبة الجامعين ، جامعة الشرق الاوسط انموذجا ، رسالة ماجستير ،مقدمة الى كلية الاعلام، قسم الاعلام، جامعة الشرق الأوسط.

-العايدي،على عناد زامل، ٢٠١٣،قيم المواطنة وعلاقتها بالتماسك الاجتماعي والامن الفكري لدى طلبة المرحلة الاعدادية، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية التربية للعلوم الانسانية ، قسم العلوم التربوية والنفسية.

-عبيس،منذر محمد، ٢٠١٧، تعزيز مفهوم المواطنة من وجهة نظر الصحفيين العراقيين ، دراسة مسحية ، رسالة ماجستير، كلية الاعلام ، قسم الاعلام ، مقدمة الى جامعة الشرق الأوسط.

-مريم، فروج مريم و بوجاهم، ٢٠١٧، المواطنة وحقوق الانسان (محمد عابد الجابري لنموذجا) ، شهادة ماستر في الفلسفة الاجتماعية ، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية والاجتماعية ، قسم الفلسفة، جامعة ٠٨ ماى ١٩٤٥ ، الجزائر.

**گۆڤارەزانستییەکان:**

-الديجاني، ثامر عزيز، ٢٠٢٢، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية قيم المواطنة و الانتماء لدى الشباب الكويتي مجلة المصرية للبحوث الاعلام ـ العدد ٨١ (الجزء الأول).

- article_272020_a8e66c9459a13533f566207c67ce8033.pdf (ekb.eg)

-جندية، نهلة محمد مصطفى، مفهوم المواطنة والاسس التي تقوم عليها في المانيا ومصر دراسة مقارنة، كلية الحقوق، الدراسات العليا والبحوث، جامعة المنوفية على موقع الانترنيت jslem.journals.ekb.eg )

-عجيل، عماد وكاع، المواطنة في العراق بعد ٢٠٠٣ دراسة في اسباب وتحديات ، المجلات الاكادمية العراقية، جامعة تكريت،كلية التربية الاساسية ، ٢٠١٦ على موقع tjfps.tu.edu.iq

-السعيدئ، حميد بن مسلم بن سعيد ،٢٠١٩، تعرف دور شبكات التواصل الاجتماعي على تعزيز ابعاد المواطنة لدى شباب ، مجلة كلية التربية ، جامعة عين شمس ، العدد الثالث والاربعون . الجزء الثالث.

-كنسارة،حسن بن على صديق ، ٢٠٢٣ ، دور وسائل التواصل الاجتماعي قيم المواطنة الصالحة لدى عينة من طلبة كلية التربية بجامعة أم القرى ، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربية والنفسية ، المجلد السابع العشر، العدد الاول.

-منصر، خالد، ٢٠١٨، دور مواقع الشبكات الاجتماعية في تعزيز قيم المواطنة لدى الشباب الجزائري، تێزی دكتورای بڵاوكراوە، لە زانستی ڕاگەیاندن، لەزانكۆی باتنة.

(PDF)دور مواقع الشبكات الاجتماعية في تعزيز قيم المواطنة لدى الشباب الجزائري role of social networking sites in consolidating citizenship values of the Algerian youth (researchgate.net)

-المرسومي،صلاح غضى صياح خليفة،٢٠١٥، مستوى معالجة الفضائيات العراقية لمفهوم المواطنة من وجهة نظر الاكاديميين العراقيين العامليين في الجامعات الاردنية ، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الاعلام ، قسم الاعلام جامعة الشرق الأوسط.

المجلس الوطني للحقوق الانسان بالمغرب،٢٠١٤، التربية على المواطنة وحقوق الانسان، فهم مشترك للمبادئ والمنهجيات، دليل الاندية التربية على المواطنة وحقوق الانسان.

--المشعان،عويد سلطان، ٢٠١٦،المواطنة وعلاقتها بكل من الولاء الوطني والثقة بالنفس لدى طلاب الجامعة الكويتيين من الجنسين ، المجلة المصرية لعلم النفس الاكلينيكي والارشاد ، عدد٤ .

- محمد ، كاروان عبدالله ، هەرمن شێركۆ نصرالدين، (٢٠٢١) ، ڕۆڵی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لە هەستكردن بە بەرقەراری ئاسایشی كۆمەڵایەتی لەلای هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، لە ٢٠٢٥\٤\٦ سەردانیكراوە.

( /https://chmk.org/ku/the-role-of-social-networks-on-social-security-

-محمد، ابراهيم قلواز وغربي، ٢٠١٨، دور شبكات التواصل الاجتماعي في صناعة قيم المواطنة ، المجلة الجزائرية للحقوق والعلوم السياسية ، معهد العلوم القانونية والادارية ، المركز الجامعي احمد بن يحي الونشريسي تيسمسيلت ، المجلد الثالث ، العدد السادس ، الجزائر.

پاشکۆ(١)

هێزی برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە

| بەهای ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی برگە |
|---|---|
| 1 – 1.80 | هیچ لەگەڵیدانیم |
| 1.81 – 2.60 | لەگەڵیدانیم |
| 2.61 – 3.40 | بێلایەنم |
| 3.41 – 4.20 | لەگەڵیدام |
| 4.21 – 5 | زۆر لەگەڵیدام |

پاشکۆی (٢)

١-پ.ی.د.کەژاڵ \حسین، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

٢-پ.ی.د.ئەمیر خواکەرەم، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

٣-پ.ی.د.کاروام علی، بەشی پەیوەندیگشتی ومارکێتینگ، زانکۆی تەکنیکی سلێمانی

٤-پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد، بەشی ، بەشی تەکنیکی میدی، زانکۆی تەکنیکی سلێمانی

٥-پ.ی.د. ئارام علی فەرەج، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

برگەکان کە توێژەران رازین لەسەری

راستی فۆرمی راپێوی = .................................................. ×١٠٠

کۆی برگەکان × ژمارەی پسپۆرەکان

٤٥

= ............ ... ×١٠٠ = ٩٨.١٦

٥٣ × ٥

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پاشکۆی ( ٣ )

ئەنجامی هاوکێشەی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان برگەکان و کۆی گشتی فۆرمەکە

| ژ | برگەکان | ژمارەی نموونە | بەهای پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم: بنەمای بەشداری کۆمەڵایەتی | | | | | |
| ١ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هانم دەدات یارمەتی خەڵکانی تر بدەم. | 200 | 0.631** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پاڵنەرمە بۆ بەشداریکردن لەئەنجامدانی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکاندا. | 200 | 0.679** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٣ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی هەست بە بونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکەم. | 200 | 0.658** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هانم دەدات بۆ بەشداریکردن لە کاری هاوبەش. | 200 | 0.751** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٥ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وام لێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکەم. | 200 | 0.724** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| دووەم: پاراستنی ناسنامە | | | | | |
| ٦ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وام لێدەکات بەشداربم لەئەنجامدانی چالاکی وبۆنەی نەتەوەیی. | 200 | 0.743** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٧ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان رۆحی خۆشەویستی وبەرگریکردن لە نیشتمان دەچەسپێنێت. | 200 | 0.702** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٨ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دڵنیات دەکات لە دەرختنی گرنگی دان بە داب ونەریتی کۆمەڵ | 200 | 0.737** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٩ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارەلە بلاوکردنەوەی هۆشیاری بایەخدان بەپاراستنی شوێنەوارەکەلەپورییەکان. | 200 | 0.724** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٠ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هانی پاراستنی فەرهەنگ و کەلتوری کۆمەڵ دەدات. | 200 | 0.695** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| سێیەم: خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | | | | | |
| ١١ | تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان رۆڵیان لەبەستنەوەی چین و توێژەکان بەیەکترەوە نییە. | 200 | 0.455** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٢ | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە یەکگرتووی گەلی کورد سەبارەت بە پرسە نیشتمانییە گرنگەکان. | 200 | 0.688** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٣ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی رێز لە بەهاپیرۆزەکان بگرم. | 200 | 0.680** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٤ | بلاوبونەوەی هەواڵی ناراست لەرێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە خۆشەویستیم بۆ نیشتمان لاوازدەکات. | 200 | 0.493** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٥ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وامليدەکات کە ژینگەیەکی ئارام بۆ نیشتمان نەبینم. | 200 | 0.424** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| چوارەم: بنەمای یاسا و مافی مرۆڤ | | | | | |
| ١٦ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارەلە بلاوکردنەوەی هۆشیاری یاساو مافەکانی مرۆڤ. | 200 | 0.646** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٧ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وام لێدەکات وەک تاکێکی کۆمەڵ بەشداربم لە پاراستنی ئاسایش وئارامی کۆمەڵ. | 200 | 0.715** | 0.001 | بەڵگەدارە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ڕێگەیەکە بۆداواکردنی مافەکانم. | 200 | 0.706** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ١٩ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری ئەوەی هەست بکەم یاسا بۆ هەمووانە. | 200 | 0.700** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٠ | ناوەڕۆک و بابەتەکانی نێوتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆمیان دەرخستووە کە یاسا سەروەر نییە. | 200 | 0.523** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| پێنجەم: بنەمای دیموکراتی | | | | | |
| ٢١ | تۆڕەکۆمەڵایتییەکان پارەتێدەرە لە گەیاندنی دەنگی هاونیشتمانی بە بەرپرسان | 200 | 0.609** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٢ | تۆڕەکۆمەڵایتییەکان بەشدارلە چەسپاندنی شەفافییەت لەمیانەی وروژاندنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات | 200 | 0.683** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٣ | تۆڕەکۆمەڵایتییەکان بەشدارلە زیادکردنی دەربینی بیروڕا بەئازادی دەربارەی پرسەنیشتمانییەکان | 200 | 0.716** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٤ | تۆڕەکۆمەڵایتییەکان ڕێ خۆشدەکات و هانمان دەدات بۆ یەکتر قبوڵکردن | 200 | 0.717** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٥ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارلە دابینکردنی ژینگەی گفتوگۆ لەنێوان تاکەکانی نەتەوەو ئاینەجیاوازەکان | 200 | 0.676** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| شەشەم: بنەمای ئازادی و ڕێزگرتن | | | | | |
| ٢٦ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری خستنەڕووی ڕای جیاواز لەسەر پرسەکان | 200 | 0.625** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٧ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتەهۆکاری لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە خەڵکانی پێکهاتەکانیتر | 200 | 0.728** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٨ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارلە سنوردارکردنی دەمارگیری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی | 200 | 0.691** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٢٩ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشدارلە ڕێزگرتن لە بەهاکۆمەڵایەتیەکان | 200 | 0.729** | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٣٠ | تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان والەتاک دەکات ببێتە کەسێکی تورەو هەڵچوو | 200 | 0.430** | 0.000 | بەڵگەدارە |

*بەهای پێرسۆنی خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازادی (200) = 0.139

** بەهای پێرسۆنی خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.01) و نمرەی ئازادی (200) = 0.182

بەوجۆرەی لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، لە کۆی بڕگەکاندا بەهای پێرسۆنی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای پێرسۆنی خشتەیی، واتە هیچ بڕگەیەکی پێوەرەکە لاواز نییە.

پاشکۆی (٤)

ئەنجامی (ئەلفا کرۆنباخ) بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

| بوارەکان | ژمارەی بڕگە | بەهای (ئەلفا کرونباخ) |
|---|---|---|
| بەشداری کۆمەڵایەتی | 5 | 0.89 |
| پاراستنی ناسنامە | 5 | 0.89 |
| خۆشەویستی بۆ نیشتیمان | 5 | 0.74 |
| یاسا و ماف | 5 | 0.80 |
| دیموکراتی | 5 | 0.85 |
| ئازادی و ڕێزگرتن | 5 | 0.82 |
| کۆی گشتی | 30 | 0.95 |

ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

١. ڕێژەی سەدی: بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

٢. ناوەندە ژمێرەیی: بۆ زانینی ئاستی بڕگەکان بەکارهاتووە.

٣. لادانی پێوەری: بۆ زانینی لادان لە خاڵی ناوەند بەکارهاتووە.

٤. هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن: ئەم یاسایە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بڕگەکان بە کۆی گشتی پرسیارنامەکەوە بەکارهاتووە، بۆ دەستنیشان کردنی دروستی بڕگەکانی پرسیارنامەکە.

٥. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری تەوەرەکانی پرسیارنامەکە بەکارهاتووە.

٦. هاوکێشەی (ت) بۆ یەک سامپڵ: بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو بەکارهاتووە.

٧. شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە: بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان

**Abstract**

This research which titled (The role of social networks in ( fostering) the value of citizenship in Kurdish society - Sulaimani), obviously, social networks dominate the lives of individuals, relating it to the important issue such as citizenship. The researchers aim to understand the role of social networks in ( fostering) the value of citizenship, therefore, the objectives of this study are: to understand the role of social networks in (fostering)the value of citizenship among individuals; Demonstrating the role of social networks in (fostering)the value of citizenship by relating it to the demographic information and the main themes of citizenship. This research is important for individuals, because they are the users of social networks, and also important as a scientific research, because as a scientific research will be useful for those who want to get a scientific research on this important issue. This research used descriptive and survey method. The research sample includes: ;(200) citizens of Sulaimani. The questionnaire forms were used to collect data from the research sample. After the fieldwork, the results are: Citizens are using the social network for 3 to 4 hours. Facebook remains a dominant social media platform, for the purpose of keeping up to date with events, information and entertainment, Males use social networks more, According to the gender variable females have a higher citizenship value. by peoples. Research indicates social networks significantly influence citizen values and behaviors of citizens.

Keywords: Role, social networks, citizenship, City of Sulaimani